# ژینگەی سلێمانی
# مەترسی
# پیسبوون
# و
# ئەركی پاراستنی

رزگار رسوڵ

زانایەك دەڵێت .....

لەدروست بوونی یە وە مرۆڤ هەوڵی داوە بۆ خۆپاراستن
لە سروشت بەڵام دوای چەدەنها ساڵ دەبێت سروشت
بپارێزێت لە خودی خۆی .....

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ناوەرۆك

*دەستپێك
*ژینگە
* پۆلێنی ژینگە
*پیس بونی ژینگە
*خۆل و خاشاك
*پۆلێنی خۆڵ و خاشاكی سلێمانی
*بەشی خزمەت گوزاری شارەوانی سلێمانی
* دا پۆشینی تەندروست ( طمر صحی )
* ژینگەی سلێمانی
*ئەركی دەزگا پەیوەندی دارەكان بۆ پاراستنی ژینگە
* سەرچاوەكان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## دەستپێك :

لە ساڵی(١٩٧٠)دا سیناتۆری ئەمریکی(جای لۆردتیلمسۆن)بۆ یەکەم جار بانگەشەی ڕێپێوانێکی گەورەی کرد کە زیاتر لە بیست ملیون کەس تێیدا بەشدار بوو بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی گرنگی بدات بە ژینگەو ئەرکی پاراستنی لە ساڵی (١٩٩٠)دا( دینس هاریس) ی ئەمریکی بانگەشەیەکی تری کرد کە ئەم جارە (٢٠٠) ملیۆن کەس لە (١٤١) دەوڵەتی جیاواز بە شداری کرد لە ڕۆژی ٢١-مارسدا) ئیستا وەك نەریتێکی جیهانی لەو ڕۆژەدا ملیۆنەها مرۆڤ لە سەرتاسەرەی جیهان بەشداری لەو ڕۆژەدا دەکەن دەکەن کە دیاری کراوە بۆ پاراستنی ژینگە لە هەندێ وڵات زیاتر لە شەش هەفتە دە خایە نێت,لە ساڵی (١٩٧٠) بە دواوە سەدان ڕێکخراولە سەرتا سەری جیهان دروست بوەن بۆ پاراستنی ژینگەی مرۆڤایەتی کەداواکاری سەرەکی ئەم ریکخراوانە پاراستنی ئاو و هەواو خاکە لە پیسبوون و هاندنی خەڵکە بۆ باشتر بە کارهێنانی وەزەی پاك وە چاندنی زۆرترین درەختەوە بەرگرتن لە بڕینەوەی دارستانەکان و پاراستنی چەندها جۆری ڕووك و کیانداره لە سەرتا سەری جیهاندا.

دیارە شاری سلێمانیش بەدەر لە کەم و کوڕیەکانی یەکێکە لە شارە گەورەکان لانی کەم نزیکەی (٧٠٠٠٠٠) هەزار مرۆڤی بەپێی ئامارە سەرەتایەکان تێیدا دەژی لە ڕوی تەلار سازیشەوە بە تاییەتی دوای ساڵی (٢٠٠٠) وە تاکو ئیستاش بە شێوە یەکی زۆر خێراو ناسروشتی پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی بە تاییەتی دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم قەرزی خانوو بەری دایە هاوڵاتیان دیارە باج دانی هەموو دروستکردنێك یەکەم لە سەر ژینگەیەو دووم لە سەر شارەوانی سلێمانی یەهەروەها دروست کردنی هەر خانویەك پێویستی زۆر زیاتری بە دوادا دێت لە دابینکردنی ئاو وکارەبا و شەقام و شۆستەو باخ و خوێندنگەو خزمەت گوزاری کە



ئەمش وای کردوە ژینگەی سلێمانی لە چاو ساڵانی ڕابدووە زیاتر گۆڕاوە پیس بونی بە سەردا هاتوە.

ئەمانەوێت لە دوو توێ ی ئەم پەرتو کەدا بە شێوەیەکی گشتی ژینگە بناسین بە تاییەتی ژینگەی شاری سلێمانی بە شێوەیەکی زانستی وە هۆکارەکانی پیس بوون و ئەرك و فرمانی بەشی خزمەت گوزاری ڕۆڵی لە پاك و خاوێنی و پاراستنی تەندروستی گشتی هەروە ها شارەوانی چۆن ئەو هەموو خۆڵە کۆدەکاتەوە و بۆ کوێ دەچێت و چۆن چارەسەر دەکرێت وە ئەرکی دام و دەزگاکانی تری حکومەت چی یە وە چۆن بە ڕیگای ئاسا ن هاوڵاتیان دەتوانن پارێزگاری لە ژینگە بکەن؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ژینگه

ژینگه چی یه ؟ پێناسی زانستی ژینگه؟ڕێکخەری( هاوسەنگی ) ژینگه چی یه ؟

ژینگه : بریتی یه له و ناوەند سروشتی یەی مرۆڤ و بونەوەران به هاو سەنگی تێدا دەژین که پێکهاتەله کۆمەڵێك هۆکارو گۆڕانکاری (کیمیاوی و بایلۆجی و کەش و هەوا ) له چوار چێوه جغرافیەی بونەوەران تێیدا گوزەران دەکەن .

زانستی ژینگه : ئەو زانستەیه که له سەرجەم پێکهاتنەکانی ژینگه دەکۆڵێتەوه و دیاری کردنی کردارو چالاکیەکانی مرۆڤه به چواردەوریەوه .

ڕێکخەری( هاوسەنگی ) ژینگه : بریتیه لەو سیستمەی که ژینگه به شێوازی سروشتی پەرچەکردار و ئاڵگۆڕدەکات له ناوەندی ئاسای و نا ئاسای (ئەو ناوەندەی ژینگه هەڵ دەسێت به کرداری ئاڵگۆری فیزیاو کیمیاوی شیکاری بایلۆجی ئاڵ و گۆڕەکانی ئاو هەوا . )

لێرەدا دەتوانین بڵێن که ژینگه (هەموو ئەو ئاڵو گۆڕ و گۆڕنکاریانه دەگرێتەوه له چواردەوری شروشت دا که پەیوەندی ڕاستەو خۆی هەیه به بونەوەرەوەو چالاکیەکانی مرۆڤەوەله سەرجەم بوارەکانی ژیاندا .

دەتوانین یەکەکانی ناوەندی هاوسەنگی پۆلێن بکەین بەم شێوەی خوارەوه

## یەکەم / یەکەی دروست کەر ( الانتاج )

که پێکهاتوه له جۆرەها رووك که گازی دووم ئۆکسیدی کاربۆن و ئاو کانزای سەرەتای دەگۆڕێت بۆ پێکهاتەی سەرەکی ژیان وەك(کاربۆهایدرات و پڕۆتین جۆرەکانی چەوری ) و هەروەها کرنگ ترین پێکهاتەی بەرهەم دێنیٙ که ئەویش ( ئۆکسجین ) ه بەکردارێك که به ڕۆشنه پێکهاتن ناسراوه .



## دووم / یەکەی بەکار هێن ( استهلاك )

کەسەرجەم زیندەوەران دەگرێتەوه به خودی مرۆڤیشەوه که هەڵدەستێت به خواردنی رووك و بەری دارەوکان و خواردنی کیاندارانی تر که له ئه نجامدا گازی دووم ئۆکسیدی کاربۆن دەداتەوه لەگەڵ پاشەرۆکان

## سێهەم / یەکەی شیکردنەوە( تحلل )

که بریتی له کرداری گۆڕینی ماده ئاڵۆزەکان له خانەو پاشماوەکان بۆ کانزا سەتایەکان و کەڕانەوەیان بۆ ناو زەوی ئەو زیندەوەرانەی ئەم کرداره ئه نجام دەدەن زۆرن لەوانه ( بەکتریا و جۆرەکانی کەڕوو وەچەند جۆرێك له مێش ومەگەز)

## چوارهەم / پێکهاتەی نازیندوو

که ئاو هەواو کانزا و پێکهاته نازیندوەکان دەگرێتەوه سەره ڕای گازەکان و تیشکەکان.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



(وێنەی ژمارە ١) گۆی زەوی کە بە ئامێری تایبەتی وێنە گیراوە

## پۆلێنی ژینگە

لە پۆلینی گشتیدا ژینگە دوو جۆرە

ژینگەی سروشتی

ژینگەی دەستکرد

## ژینگەی سروشتی

ئەو ناوەندیەکە مرۆڤ بە شێوەیەکی سادە تێدا دەژی سودە لە سەرجەم ئەو پێکهاتانە وەردەگرێت کە سروشت بۆی دابینکردوە وە( ژینگە سوڕی ئاسای خۆی دەبینێت لە پاراستنی و ئالو گۆڕی سروشتی) واتە سروشت پاشماوەکان بە ئاسانی شی دەکاتەوە بۆ کانزاو توخمە سەرەتایەکان بەمەش جارێکی تر یەکەی دروستکەر سودی لێدەبینێ بۆ دروستکردنی خۆراك .



## ژینگەی دەستکرد

پاش ئەوەی مرڤایەتی پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی بە جۆرێك کە جەندەها شاری گەورەو و کارگەی گەورەو ملیۆنەها بەرمیل نەوتی ڕۆژانە سوتاندو رۆژانە هەزاران تەن کانزای لە خاك دەرهێنا و سەدان هەزار هێکتاری لە دارستانەکان بڕیەوە دەرئە نجامی ئەمانە ژینگەیەك دروست بو کەبە ژینگەی (دەستکرد ) ناوزەند کرا .

پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەسەر شانی شروشت مەترسی گەورەی بۆ دروست کرد, سروشت نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی مرۆڤ بە درێژایی ئەم چەند سەدیە دروستی کرد , مرڤایەتی کەش و هەوای گۆڕی و پلەی گەرمای بەرزکردەوەوڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربونی زیاد کردوو سەرچاوەی ئاوەکانی بەرەو پیس بوون برد دارستانە گەورەکانی بڕیەوەو هەوڵەکانی مرڤایەتی بۆ بەکار هێنان و دەرهێنانی کانزاکان شێوازی سروشتی شێواندو زەوی گۆڕی بۆ ژینگەیەك کە دەسکردی خۆی بێت .

لە یاساکانی ژینگەدا هەندێك زیندەور و روك خۆراك دروست دەکەن هەندێك زیندەوەر خۆراك دەخۆن ودروستنی ناکەن و هەندێکێکیان خوراك و پاشماوەکانی تری زیندەوەران شیدەکەنەوە بۆ یەکە سەرەتایەکانی , لە سیستمی پارێزگاری ژینگەدا ئەو تەنانەی شیدەبنەوە جارێکی تر دەبنەوە بە کانزای سەرەتای جارێکی تر بەهۆی زیندەواران و ڕوەکەوە دبنەوە بە خۆراك بەم کردارەش پاراستنی ژینکە دەچێتە قۆناغی سروشتی یەوە هەرگوڕانکاریەك لەم سیستمەدا واتی پیس بونی ژینگە دەگرێتوە چونکە سروشت ناتوانی کرداری شیکاری خۆی بکات بەمەش مرۆڤ خۆی زەرەر مەندی یەکەمە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# پیس بونی ژینگە

پیس بونی ژینگە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری هەیە کە لە سەردمی ئێستادا زۆربەیان ناسراو بوون ئەمەش چەند پێناسێکی زانستیی پیس بوونە

١- هەموو گۆڕنکاریەکی فیزیایی یان کیمیایی گۆڕانکاری لە سروشتی ئاو هەواو خاکدابکات ببێتە هۆی زیان پێگەیشتنی مرۆڤ و بونەوەرەکانی تر پی ٚ ی دەوترێت پیسبوون (تلوث)

٢- گۆڕانی چۆنایەتی چەندایەتی لە پێکهاتەی ژینگەی زیندو نا زیندوودا کە سیستمی ژینگە ناتوانی ٚ زاڵ بێت بەسەریداو شیبکاتەوە پێی دەوترێت ( پیس بوون )

٣- زیادبونی هەرتەنێکی زیدە بە هۆی پێشکەوتنی پیشەسازیەوە بۆ سروشت ( لە ئاو هەواو خاك ) کە گۆڕنکاری لە پێکهاتەی سروشتدا بکات پێی دەوترێت ( پیس بوون )

٤- هەر گۆڕانکاریەك لە ژینگەدا ببێتە هۆی زیان پێگەیاندنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بونەوەران پێدەوترێت ( پیس بوون )

٥- زیاد بون یان کەم بونی هەر یەك لە پێکهاتە سروشتیەکانی کەببێتە هۆی زیان پێگەیاندنی زیندەوەران و چواردەوریان گۆڕانکاری لە سروشت و کاری ڕۆژانەیان بکات پێی دەوترێت ( پیس بوون )

پێناسەی زیاتر هەن بەلاّم تەنها بۆ تێگەیشتن هێندە بەسن چونکە لە زمانە جیاوازەکاندا بە پێی تێگەیشتنی ناوەندە جۆربە جۆرەکان سەیر کردنیان بۆ تێگەیشتن لە پیس بوون پێناسەکانیش دەگۆڕێن .



# جۆرەکانی پیس بوون

بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە پیس بوون تێبگەین دەبێت جاری ٚ بزانین ژینگە چەند بەشە :

ژینگە پێکهاتوە لە چوار بەشی سەرەکی

١- هەوا

٢- خاك

٣- ئاو

٤- زیندەوران

بەلاّم پیس بوون سی ٚ جۆری سەرەکی

١- پیس بوونی هەوا

٢- پیس بوونی ئاو

٣- پیس بوونی خاك

## یەکەم / پیس بوونی هەوا

بەرگە هەوای زەوی لە نێوان (١٥ بۆ ٤٥) کلم مەزندە دەکرێـت کە پێك هاتوە لە چەندین گازی گرنگ وەك ( ئۆکسجین ,نایترۆجین و دووم ئۆکسیدی کاربون کە ڕێژەی ٠.٠٣٪ پێك دەهێنی هەندێ گازی تری وەك هلیوم , نیون , ئەرەگۆن , ) کە بەرێژەیەکی زۆر کەم هەن لە هەوادا ئەم گازانە بنچینەی ژیانن لە سەر گۆی زەوی .

مرۆڤی ئاسای لە رۆژێکدا نزیکەی (٢٢٠٠٠) جار کرداری هەناسەوەرگرتن دەکات بەمەش لانی کەم پێویستی بە ( ١٥٠٠٠) لتر لە هەوا هەیە کە بە کێش دەکاتە (١٦) کیلۆ گرام ئەم هێندە زۆر زیاترە لە سەرجەم ( نان خواردن و ئاو خواردنەوی مرۆڤی ئاسای )



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کاتێك کرداری پیس بوون رودەدات ئەگەر گۆڕانکاری گەورە لە پێکهاتەی سەرەکی هەوادا ڕوویدات ئەگەر پێکهاتەی تر تێکەڵی هەوابوو ئەوا زیان بە زیندەوران دەگەیەنێت .

جۆرەکانی پیس بوونی هەوا زۆرن ئەو پێکهاتە زیان بەخشانەی تێکەڵی هەوا بوون دەچنە لەشی مرۆڤەوە لە ڕێگای(هەناسە دان و خواردن و پێستەوە ) خوێنیش ئەو پێکهاتانە بە لەشی مرۆڤدا بلاّ و دەکاتەوەتوشی نەخۆشی دەکات و زیانی گەورەی پێدەکەیەنێت زۆربەی ئەو پێکهاتانەی کەلە هەوادا هەن لە ئە نجامی کردارەکانی مرۆڤایەتی خۆیەوەیەتی .

پێشکەوتنی بواری پیشەسازیپێویستی سوتانی سوتەمەنێکی یەکجار زۆری لێبکەوێتەوە لە ( جۆرەکانی نەوت , خەڵوزوو.... جۆرەکانی تر) سوتاندنی ئەمانە ڕێژەیەکی زۆر لە ( لە کازیی دووم ئۆکسیدی کاربۆن ومادەی زیان بەخش ) دروست دەکات و بە هەوادا بلاّو دەبێتەوە بەمەش شێوازی ژینگە دەگۆڕێت .

پێشکەوتنی نەتەوەکان بە بڕی زۆری و کەمی وزە پێوانە دەکرێت سەرچاوەکەی هەر جۆرێك بێت لە وزە ,بەرهەم هێنانی زۆرتری وزەدیاردەی پیس بوونی ژینگەی بە دوادا بێت زۆرترین

بلاّوبونەوەی گازە پیس بووی لێ دەکەوێتەوە .

بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە پیس بوونی هەوا بگەین پێویستە سەیری بەرگە هەوا بکەین کە پێکهاتوە لە سێ چین:

## ۱- چینی یەکەم ( تربۆسفیر )

ئەو چینە گرنگەیە کە نزیکەی (۲۰) کلم دەبێت لە ئاستی رووی دەریاوەوە سەرجەم زیندەوران لەم چینەدا دەژین هەوەها هەموو گۆڕانکایەکانی ئاو هەوا لە باران بارین و باو گێژەڵۆکەکان لەم چینەدا روودەدات .



## ۲- چینی دووم ( ستراتوسفیر )

ئەم چینە دەکەوێتە سەروو چینی یەکەم وە لە دوری (۲۰) کلم وە دەست پێدەکات تاکو (۸۰) کلم بەرز دەبێتەوە گرنگی ئەم چینە لەوەدایە کە (بەرگە تۆێ ی ئۆزۆن) دەکەوێتە ئەم چینەوە و ئەرکی پاراستنی گۆی زەویە لە تیشکی گوشندەی( سەرو وەنەوشەیە ) و چەند تیشکێکی تری زیان بەخش .

## ۳- چینی سێهەم ( ئایونۆسفیر )

ئەم چینە لە دوری (۸۰) کلم وە دەست پێدەکات تاکو (۳٦۰)کلم وزیاتر کە پێکهاتوە لە گازە سوکەکان وەك (هایدرۆجین وهلیۆم ...... جۆری تر ) وەك پارێزەرێك وایە بۆ چینی دووم

هەوا بە هۆی دوو سەرچاوە ی سەرکیوە پیس دەبێـ

یەکەم / سەرچاوەی سروشتی

دووم / سەرچاوەی ناسروشتی ( دەست کرد )

## یەکەم / سەرچاوە سروشتی :

ئەو سەرچاوانەن کە کە سروشتین و مرۆڤ دەسەلاّتی بەسەریاندا نیە وەك (گڕکانی شاخەکان و با بەهێزەکان سوتاندنی دارستانەکان بە هۆی هەورە بروسکەوە ) کە بە پێی شوێن دەگۆڕێت پێك هاتوە لە :

۱- پیس بوون بە هۆی (گازی دووم ئۆکسیدی کبریت و فلۆراتی هایدرۆجین و کلۆریدی هایدرۆجین ) کە لە ئە نجامی چالاکی گڕکانەکانەوە بەرز دەبێتەوەلە هەندێك شوێنی گۆی زەویدا .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٢- پیس بون بە هۆی (ئەکاسیدی نایترۆجین) کەلە ئە نجامی خاڵی بونەوەی تەزوی کارەبای هەورە بروسکەوە روو دەدات ئەم گازە ڕاستەو خۆ تێکەڵ بە هەوا دەبێت .



(وێنەی ژمارە ٢) هەورە بروسکەی سروشتی کە بە خاڵی بونەوەی کارەبای فۆڵتیە بەرز ناسراوە

٣- پیس بون بە (کبریتی هایدرۆجین) کە لە ئە نجامی دەرچونی گازی سروشتی لە توێکڵی زەویدا ڕوودەدات .

٤- پیس بون بە ( گازی ئۆزۆن) کە لە ئە نجامی روناکی دروست کراو لە هەوادا بەهۆی هەورە بروسکەوە .

٥- پیس بون بە (تۆزو خۆڵ ) وە کەلە ئە نجامی بارینی تەنۆلکەکان دێت لە بۆ شای ئاسمانەوە وەك (کلك دارەکان( نیزەکەکان)) هەروەها بە هۆی ڕەشەباوە و گێژەڵۆکەوە کە بەهەوادا بلاْودەبێتەوە .

٦- پیس بون بە (بەکتریا و تەنۆلکەی وردوو کەڕووەکانەوە ) کە لە ئە نجامی رزینی و لەناوچونی کیاندارو روەکەکانەوە بەهۆی هەواوە بلاْو دەبنەوە .



٧- پیس بون بە (تیشکە زیان بەخشەکان ) کە بە هۆی گۆڕینی چینی یەکەمی توێکڵی زەوییەوە ڕوودەدات لە ئە نجامی زەمین لەرزە یان داروخانی چینەکانی توێکڵی زەویەوە.

سەرچاوەی ناسروشتی ...................

پیس بونی هەوا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت بە پێی خێرای با و جیاوازی پلەی گەرماو و ڕێژەی باران بارین و لێرەدا هەندێك لە گرنگ ترین جۆرەکانی پیس بون لە گەڵ کارکردنی ئەو پیس بونە لە سەر تەندروستی مرۆڤ

## یەکەم/ پیس بون بە (یەکەم ئۆکسید کاربۆن )

یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن گازێکی ژەهراویە نە ڕەنگی هەیە نەبۆن کە لە ئە نجامی سوتانی ناتەواوە دروست دەبێت کە زیاتر لە سوتانی بەنزینی ئۆتۆمبیل وە دروست دەبێت ڕێژەکەشی لە شوێنی نیشتە جێوە بۆ شوێنەکانی تر دەگۆڕێت کەمترین ڕێژەی لە شوێنە سەوزەکاندا کەمترین ڕێژەی هەیەدروست بونی ئەم گازە زیاتر لەوەستانی ئامێرە دەبێت لە ترافیکەکاندا ئەمە سەرەڕای زیاد بونی ژمارەی ئامێر لە هەرشارێکداهەروەها ڕێژەی ئەم گازە لە ڕۆژدا زۆر زیاترە وەك لەشەودا, ئەم گازە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو خوێنی مرۆڤەوەکە زۆر خێرایانە لەگەڵ هیمۆگلۆبینی خوێن یەك دەگرێت بەمەش هەناسە دانی خانەکان سست دەکات دەبێتە هۆی ژەهراوی بون ئەگەر ڕێژەکەی(٠,٠١٪ ) ئەم گازە ڕاستەوخۆ هەڵمژین ئەوا لە نیشانەکانی :

١- هەستکردن بە ماندوو بون

٢- تەنگەنەفسی

٣- زرنگانەوەی ناو گوێکان

ئەگەر ئەم ڕێژەیە لە (٠,٠١.٪) زیاتر بوو ئەوالە نیشانەکانی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١- بێ هێزی زۆر لە ماسولکەو نەمانی توانای جوڵەکردن

٢-کزی بیست

٣- کزبونی چاوەکان

٤- تێکچونی کەدەو و ڕشانەوە

٥- دابەزینی پلەی گەرمی لەش

٦- دابەزینی پەستانی خوێن

٧- زیادبونی لێدانی دڵ

٨- بورانەوە لە پاش چەند کاتژمێرێ مردن .

## دووم/ گازی دووم ئۆکسیدی کاربۆن....

ئەم گازە لە ئەنجامی هەموو سوتانێکەوە دروست دەبێت لە هەموو سوتانی جۆرەکانی نەوت و دارو هەر توخمێکی تر کە بۆ سوتان بشێت ,ئەم گازە لە گرنگ ترین توخمە سروشتیەکانە بۆ پیس بونی ژینگە , مرۆڤ خۆی خاوەنی بەرهەم هێنانیەتی کەرێژەکەی بەم ساڵانەی دوای زۆر زیادی کرد زیادبونی بەچەند هەنگاویکدا دەڕوات لە شێوازی چارەسەرکردنی لەوانە بەشێکی لە ئاوی زەریاکاندا دەتوێتەوە کەرێژەیەکی زۆرە بەشێکی رووەك ودرختەکان بەکاری دهێنن بۆ هەناسە دان لەگەڵ ئەمانەشدا هەر ڕێژەیەکی زۆری لە هەوادا دەمێنێتەوە کە هۆکاری سەرکی دیاردەی (قەتیس بوونی پلەی گەرمایە ) زیاد بونی ئەم گازە لەهەواداکاردەکاتە :

١- سەر چالاکی مێشك و پێکهاتەی خانەکانی

٢- سەر کۆئەندامی هەناسە

٣- سەر چاوی مرۆڤ



## سێهەم / پیس بون بە گازی دووم ئۆکسیدی کبریت

نەوتی دەرهاتوو لەزەوی خەڵوزی کانەکان و گازی سروشتی رێژەیەك لە کبریت لە خۆدەگرێت وەلەکاتی سوتاندنیدابە شێوەی گاز دەچێتەوە ناو هەواوە,

ئەم گازە ڕەنگی نیەو بۆنێکی ناخۆشی هەیە کاتێك زیان بەخش دەبێت ئەگەر ڕێژەکەی (٣) بۆ یەك ملیۆن بەش بێت لە هەوادا مانەوەی لە هەوادا کارلێك دەکات و دەبێتە (ترشی کبریتی) دیسان کرداری ئۆکسانی بەسەردا دێت دەبێتە(سێهەم ئۆکسیدی کبریت)کە زیانی ڕاستەوخۆ بە مرۆڤ و ئاژەڵ دەگەینێت کاردەکاتە سەر:

١- کۆئەندامی هەناسە و ئازار دانی سنگ

٢- بۆری هەناسەو هەوکردنی بۆریەکانی هەناسە

٣- دەنگەژێکان گرتنی قورگ و خنکاندن

٤- هەستەوەری تامکردن و بۆنکردن

٥- چاوەکان وکزبونی چاو

## چوارهەم / پیس بون بە (ئەکاسیدی نایترۆجین)

ئەکاسیدی نایترۆجین لە بلاوترین گازەکانە کەبەهۆی سوتانەوە دروست دەبێت ئەمەش کاتێك پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە بە تاییەتیلە ئامێری گەورەو و بنکەکانی دروست کردنی کارەبا و گارگە گەورەکان و وە زیان دەگەیەنێت بە :

١- بۆری هەناسە

٢- پێڵوی چاوەکان

٣- تۆی ئۆزۆن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## پێنجەم / پیس بون بە ( قوڕقشم ) ( رصاص )

ئەم توخمە دەکرێتەوە بەنزینی ئامێرەکانەوە بۆ باشتر کردنی سوتان باشتر کردنی بەرگری مەکینەی ئامێر ئەم توخمە لە ئەنجامی سوتانوە دێتەدەرەوەدەبێتەهۆی پیس بون بە تایبەتی لە شارە گەورەو قەڵباڵخەکانداکە کاریگەری لەسەر کیاندراران ومرۆڤ دەبێت دەبێتە هۆی:

١- دروست بونی بەردی گورچیلە

٢- کەمی هموگلۆبینی خوێن

٣- دڵە ڕاوکێی

٤- کەم هۆشی لە مناڵدا

٥- سەر هێشەو بورانەوە

٦- تێکدانی شێوەی کۆرپەلە لە کاتی دووگیانیدا

## پێنجەم / پیس بون بە ( ئاوێتەی کلۆرۆفلۆرۆکاربۆن )

ئەم ئاوێتەیە زیاتر لە ناو ماڵەکانماندا هەیە وەك جۆرەکانی بۆن و بۆن بڕەکان یان پاشکۆی فرێزەری سەلاجە و سپلیتەکان ئەم گازە زۆر سوکە بەرز دەبێتەوەبۆ دوا جینەکانی هەوا لە ڕستیدا زیانیڕاستەخۆی بۆ مرۆڤ زۆر کەمە بەلاّم کاریگەری ڕاستەو خۆی هەیە بۆ ( تویێ ئۆزۆن ) کە زیانی
گشتی هەیە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی ئێستا زۆربەی کۆمپانیە گەورەکان هەوڵی دروست کردنی ئاوێتەی نوێ دەدەن تاکو زیان بە ژینگە نەگەیەنێت .

## شەشەم / پیس بون بە ( ئاوێتە ژەهراویەکان )

ئەمانەش چەند جۆرێك لە ئاوێتەن وەك( زرنیخ ,سلینیۆم ,جیوە و کامدیۆم .......)



کە ڕێژەیان زۆر کەمە دووکەڵی گارگە گەورەکان دروستی دەکەن تێکەڵی هەوا دەبن پاشان بە هۆی بارانەوە دەچنەوە ناو زەوی زیان بە گیانداران دەگەیەنێت ئەگەر ڕێژەیان زیادی کرد .

## حەوتهەم / پیس بون بە هۆی ( زیندەوەر وردەکانەوە,ئەوانەی بە چاو نابینرێن )

لە هەوادا ملیۆنەها جۆر زیندەوەری ورد هەیە لە ( بەکتریاو فایرۆس و گەڕوەکان ... ) کە بەڕێژەیەکی سروشتی هەیە ئەگەر ئەم ڕێژەیە زیادی کرد بە هۆی مرۆڤەوە ئەوا پیس بون دروست دەبێت ژینگە پیس دەکات ئەمەش لە کاتی جەنگ دا زیاتر ڕودەدات کە دژەکان وەك چەك بەکاری دەهێنن ناسراوە بە چەکی (بایۆیلۆجی ) لە ناسراوترین ئەو پیس بونانەی کەئێستا بلاّوە (بەکتریای گەڕیە ( جمرة الخبیثة ).

## زیانەکانی پیس بون لە سەر ( تویّ ی ئۆزۆن ):

ئۆزۆن :گازێکی ژەهراویەکەدەکەوێتە نێوان( تۆربۆسفیر وستراسفیرەوە )وە پێکهاتوە لە یەکگرتنی )ئۆکسجین و یەك گەرد لە ئۆکسجینی سەربەست ) کەکاری پارێزگاریە لە گۆی زەوی لە و تیشکانەی کە زیان بەخشن بۆ مرۆڤ هەرکاتێك چڕی ئەم گازانە کەم بۆوە ئەوا توانای پەرچ دانەوەی تیشکی نامێنیّ وە هەندێك جار زۆر تەنك دەبێتەوە بە شێوەیەك کە پێی دەڵێن (کون بونی تۆیّ ی ئۆزۆن )

بونی گازی ئۆزۆن لە بەرگە هەوای مرۆڤدا ( ئەم ئۆزۆنە جیاوازی هەیە لە گەلّ ( تۆیّ ی ئۆزۆن )دا )

زۆر زیان بەخشەبونی لە هەوادا لە ئەنجامی سوتانی جۆرەکانی نەوت و ئەو ئامێرە گەورانەی کە بە هایدرۆ کاربۆن کاردەکەن هەوەها گازی ( فریۆن )کەلە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دروست کردنی ئامێری سارد کەرەوەدا بەکاردە هێنرێت و هەروەها جۆرەکانی بۆن کەبە(ئایروسۆل) ناسراوە و هەروەها جۆرەکانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان وەك (کۆمپیوتەر تەلەفیزۆن و ............ دروست دەبێت گازی (ئۆزۆن) زۆر ژەهراویە هەڵمژینی بەشێکی کەمی دەبێتە هۆی مردن.

## پــــــیس بونی ئاو

بونی ئاو بۆ ژیان پێویستیەکەهەرگیز ناتوانرێت دەست بەرداری بین بە تایبەتی کەڕۆژانە مرۆڤ پێویستی بە چەند لیترێك لە ئاو هەیە, ئاودەبێت بە جۆرێك پاکژبێت کەمرۆڤ توشی نەخۆشی نەکات چونکە ئاو باشترین ناوەندی گواستنەوەیەڕاستەوخۆ تێکەڵ بە لەشی مرۆڤ دەبێت دووجۆر ئاو لەسەر گۆی زەوی هەیە

**١- ئاوی شرین:**

کەبریتی لە ئاوی ڕوبارەکان ودەریاچە داخرەوەکان ئاوی ژێر زەوی(کەهەموویان لە ئە نجامی باران بارین وە دروست دەبێت)

**٢- ئاوی سوێر:**

کەبریتی یە لە ئاوی دەریاو زەریا گەورەکان وەزۆرترین ڕێژەی ئاوی زەوی پێك دەهێنێت .

### پیس بونی چەند جۆرێکن لەوانە

**١- پیس بون بە هۆی (توخمە کیمیاویەکانەوە)**

تێکەڵ بونی هەر توخمێکی کیمیاوی زیان بەخش یان ژەهراوی بە ئاو دەبێتە هۆی پیس بون, دیاردەی پیس بونی لە هەندێك شاری گەورەی جیهاندا هەیە کاتێك کارگەی گەورە لەسەر ڕوبارو سەرچاوەکانی ئاو دروستکرا بوە هۆی پیس بونی بە تایبەتی کارگەی (پەترۆکیمیاویەکان) کە فڕێدانی توخمە زیادەکانی



پاشماوەی کارگەکان تێکەڵ بە ئاو دەبێت دەبێتە هۆی پیس بون,جگەرلە پیسبونی ئاوی خواردنەوە ئەم توخمانە کاردەکەنەسەر ئەو زیندەوەرو ڕووەکانەی لەناو ڕوباردا دەژین جگەر لەو نەمام و ڕووەکانەی کەبەئاوی ئەم ڕوبارانە ئاودەدرێن هەروەها ئەم توخمانە بەشێکی زۆر لە ئۆکسجین کاردەکەن بە هۆی کاری ئۆکسانەوە کەدیسان ئەمەش زیانێکی تری پیس بونی ئاوە .

**٢- پیس بون بە هۆی (پاگژکەرەوە دروستکراوەکانەوە)**

**کەئەمەش دوو جۆرن:**

**ا- پاکژکەرەوە سادەکان:**

ئەم جۆرە کەمتر زیاندەگەیەنن بە ئاو کاتێك تێکەڵی دەبێت بەئاسانی کاری ئۆکسانی بەسەردادێت زوو شیدەبێتەوە و زیانی نابێت .

**ب- پاکژکەرەوە ڕەقەکان:**

ئەم جۆرە زۆر زیان بەخشن بە ئاو کاتێك تێکەڵی دەبێت,ئەم جۆرانە زیاترلە توخی فۆسفات دروست دەکرێت یان توخمە هاوشێوەکانیەوە زیانی زۆر دەگەیەنن بە خراپترین جۆری پیس بون دەناسرێت .

**٣- پیس بون بەهۆی (فلزاتی قورس)**

فلزاتی قورس توخمەکانی (جیوەو قورقشم وکادیۆم وزەنگ ....) دەگرێتەوە کە ژەهراویترین جۆری توخمەکانن , ئەم توخمانەلە ناو خانەی مرۆڤدا کۆدەبێتەوەدەبێتە هۆی مردنی خانەکان وتوش بون بە نەخۆشی شێرپە نجە.

**٤- پیس بون بە هۆی (پەیینی دەسکرد ..سماد..)**

لە ئە نجامی پێویستی مرۆڤ بەبەرو بومی کشتو کاڵی بۆ بەرهەم هێنانی زۆرترین خۆراك بە کەمترین ماوە پەیینی دەستکرد هاتە کایەوە کەلە توخمە سەرکیەکان پێکهاتوە وەك نیترات ولە ئە نجامی باران بارینددا ئەم توخمانە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەزۆربەیان زیان بەخشن دەتوێنەوەو تێکەڵ بە ئاوی ژێر زەوی دەبن دەبنە هۆی پیس بونی .

### ٥- پیس بون بە هۆی ( نەوت و جۆرەکانی نەوتەوە )

ئەم دیاردەیە زیاتر لە دەریاو زەریاکان رودەداتلە ئەنجامی شکاندنی پاپۆڕی بارهەڵگری نەوت یان لیچونی ئەو بارهەڵگرانەیان لە کاتی هەڵکەندنی بیری نەوت لەناو دەریاکان و دەشکێت و ئەوا نەوتی ڕەش تێکەڵی ئاو دەبێت لە بەر ئەوەی نەوت لە ئاو سوکترە سەرئاو دەکەوێت توێك دروست دەکات کە ڕێگە نادات تیشکی خۆر بگاتە ناو زەریاوە ڕێگە نادات ئۆکسجین بچێتە ئاوە جگەر لە چەند توخمێکی ژەهراوی تێکەڵ بە ئاو دەبێت ودەبێتە هۆی مردنی زیندەوەران

### ٦- پیس بون بە هۆی ( ئاوی ئاوەڕۆوە...ئاوی قورس ... )

ئەو بڕە ئاوەی کە بەکاری دەهێنینن لە کاری ڕۆژانەی خۆماندا بۆ پاك کردنەوەی خۆمان و شتنی پێداویستی ڕۆژانەمان جۆرە ئاوێك دروست دەکات کە لای خۆمان بە ئاوەی ئاوەڕۆ ناسراوەلە کاتی تێکەڵ بونی بە ئاوی پاك یان ئاوی ژێر زەوی ئەوا پیس بون ڕودەدات لە بونی چەندین توخمی ژەهراوی و زیندەوەری وردی زیان بەخش وە ( بەکتریا و جۆرەکانی ).

## سێهەم / پیس بونی خاك....

خاك سێهەم گرنگ ترین بنەمای ژیانە هەموو بونی مرۆڤایەتی پەندە بە خاکەوە زۆربەی خۆراکی زیندەوەران لە خاکەوە بەرهەم دێت,هەر پیس بونێك لە خاك پیس بونەی سەرچاوەی خۆراکی مرۆڤە : پێوانەی گشتی بۆ بونی نەتەوەی بەهێز توانایەتی بۆ بەرهەم هێنانی خۆراك و کشتوکاڵ کردن لە بەر زیاد بونی ڕێژەی دانیشتوانی گۆی زەوی و پێویستی بە خۆراکی بەردەوام ئێستا بەرهەم



هێنانی خۆراك گەیشتۆتە لوتکەبۆ یە پارێزگاری کردن لە خاك بۆتە پێویستی زۆر گرنگ ئەمەش دیاریترین جۆرەکانی پیس بونی خاکە :

### ١- پیس بون بە هۆی( توخمە کیمیاویەکانەوە )

توخمە کیمیاویەکان کە دەبنە هۆی پیس بونی خاك زۆرن لە وانە جۆرەکانی توخمە ژەهراویەکان کە تێکەڵی خاك دەبن دەبنە هۆی لە ناو چونی ڕوەك وزیندەوەر سود بە خشەکان ناو خاك بەمەش خراپترین جۆری پیس بونی ڕودەدات .

### ٢- پیس بون بە هۆی تیشکە ناوکیەکانەوە( اشعاعات نوویە )

کە دیاردەیەکە بەهۆی جەنگی ناوکی یان تاقیکردنەوەی چەکی ناوکی یەوە ڕودەدات یان لە ئەنجامی هەرەس هێنانی کورەی ناوکی ویسگە گەورەکانی دروست کردنی کارەبای ناوکی ,کە تێدا زەوی تیشکاوی دەبێت خاك ئەو تیشکە هەڵ دەمژێت لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لە ناوچونی ڕوەك وزیندەوەرەکانی ناو خاك .

### ٣- پیس بون بە هۆی ( خاشاك ) ( نفايات العامه )

ئەو خۆڵ و خاشاکەیکە لە ئەنجامی چالاکیە جۆر بەجۆر ەکانی ڕۆژانەی مرۆڤە بەرهەم دێت لە ناو ماڵ وشوێنی کارکردندا ئەگەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لەسەر خاك ڕۆبکرێت دەبێتە هۆی پیس بون ی خاك بە تایبەتی ئەو جۆرە تو خمانەی خاك ناتوانیٚ شیان بکاتەوە وەك ( پلاستیك وئاسن وشوشە و ئەلمینیۆم و قورقشم ...... ) .

### ٤- پیس بون بە هۆی ( هۆکاری سروشتی )

کە ئەمەش لە ئەنجامی تەقینەوەی گڕکانەکانەوە یان بای توندەوەکە زۆرشت لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێتیان بە هۆی دیاردەی بە بیابان بونی خاکەوەکە ئەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هۆکارانی کە سروشتین و دەستی مرۆڤیان تێدا نیە دەبنە هۆی پیس بونی خاك لە توانای خاك کەم دەکەنەوە بۆ بەرهەم هێنانی بەرو بومی گشتو کاڵی

## خۆڵ و خاشاك ( نفايات والمخلفات )

لە ئە نجامی پێش کەوتنی مرۆڤایەتی وە و دروست بونی شاری گەورو وگەورەتر هەنگاوی گەورە نرا بۆ بەکارهێنانی زەوی و دروست بونی پێداویستی رۆژانە بە درێژای سەدەکانی مێژوو ,زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی مرۆڤەکان کە ئێستا بە ( ٦,٦ ) ملیار کەس مەزەندە دەکرێت خۆڵ و خاشاکی کەورەتری بەر هەم هێنا کە تەنگ و چەڵەمەی بۆ ژیان دروست کرد ,

خۆڵ ' و خاشاك ( ئەو پێکهاتە زیادانەی کە پێویستمان پێیان نیە و بەکاری ناهێنین لە ئە نجامی چالاکی رۆژانەمان لە دروستکردنی خواردن و پێداویستیە سەرکیەکانی ناو ماڵ )

دروست بونی خۆڵ و خاشاك لە ئاستی جیهاندا کێشەی دروست کرد بۆ مرۆڤایەتی لە بەر ئەوەی کۆنەکردنەوەی تەنها یەك رۆژ بۆ ئەو خۆڵ وخاشاکە دەبێتە هۆی زیادبونی نە خۆشی بەرێژەیەکی بەرچاوو ئەمەش بەهۆی زیادبونی ملیۆنەها جۆری بەکتریا وفایرۆس کە خۆڵ و خاشاك ناوەندێکی زۆر چالاکە بۆ گەشە کرنی ئەم وردە زیندەوەرانە....

چەندین رێکا هەیە بۆ چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك کە بە کورتی ئەمانەن :

### ١- دا پۆشینی تەندروست ( دا پۆشینی لە ناوخاکدا )

( لەبەر ئەوەی ئەم رێگایە لە ناو سلێمانیدا بەکاردێت لە بە شەکانی داهاتودا بە هەموو مەرجەکانەوەو بە شێوەی ورد باسی دەکەین. )

### ٢- سوتاندی خۆڵ و خاشاك لە شوێنی تایبەتی بە ئامێری تایبەتی :



هەندێك وڵاتی گەورە ئەم رێگایە بە کاردەهێنێت ئەمەش لە گارگەی تایبەتیدا دەبێت لە باشیەکانی ئەم رێگایە جیاکردنەوەی خۆڵ و خاشەکە جارێکی تربۆ بەکاردێت و ئەوەشی دەمێنێتەوە دەخرێتە فرنی گەورەوە دەسوتێت و وزەی کارەبای لێ روست دەکرێت لە خرا پیەکانی ئەم رێگایە بە هۆی سوتانەوە گازی دووم ئۆکسیدی کاربون دروست دەبێت رێژەکەی زیاد دەکات کە زیان بە ژینگە دەگەیەنێت گەرچی هەندێ کارگە لولەی دوکەڵ

کێشی درێژیان دروست کردوە بەڵام هەر ئەو رێیە زیان بە ژینگە دەگەیەنێت بە تایبەتی کە ئەم رێگایە رێژەی لە ٧٠٪ خۆڵ و خاشاکەدەسوتێت لە پاشاندا٩٥٪ خۆڵی ناو فرن دەسوتێت ئەوەشی مایەوەکە دەکاتە ٥٪ بەئاسانی دادە پۆشرێت .

### ٣- بە کارهێنانەوەی خۆڵ و خاشاك

ئەمە یەکێکە لە باشترین رێگاکانی چارەسەری خۆڵ وخاشاك کەوڵاتە پێش کەوتوەکان و وڵاتانی دۆستی ژینگە بەکاری دەهێنن لەم کردارەدا چەند کا رگەیەکی بچووك دادەمەزرێنن لەوانە :

١-گارگەی دروست کردنەوەی شوشە

٢- کارگەی دروست کردنەوەی قتوو

٣- کارگەی درۆست کردنەوەی کاغەزی بەکار هاتوو

٤- کارگەی دروست کردنی پەینی کیمیای

ئەم چوار کارگەیە زۆر پێویستە بۆ چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك بەم رێگایە بە شێ هەرەزۆری ئەو خۆڵ و خاشاکە چارەسەردەکەن ئەوەشی دمێنێتەوە دەتوانرێت بە هۆی جۆرێکی تایبەت لە بەکتریاوە گازی ( میسان ) ی لێدروست دەکرێت کە بەکاردێت بۆ سوتاندن کەمترین زیانی هەیەبۆ ژینگە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## پۆلێنی خۆڵ و خاشاکی سلێمانی

بۆ ناسین و زانیینی جۆرو پۆلێنی خۆڵ و خاشاك پێویستە لە پێشدا پێگەی ( جیۆمۆرۆفۆلۆجی ) شاری سلێمانی بناسین :

ناوچەی سلێمانی جیاوازی هەیە لە بەرزو نزمیدا دابەش بونەکەی بەم شێوەیە :

### ١ -ناوچەی چیا بڵندەکان

ئەم ناوچەیە خۆرهەلاتی پارێزگا دەگرێتەوە لە باکورەوە بۆ باشور بەرزیان لە نێوان ( ٢٠٠٠ بۆ ٣٥٠٠ م ) ە لە ئاستی ڕوی دەریاوە شاخەکانی بە شێوەی گشتی رووتەن و بێ رووکن

### ٢ -ناوچەی چیاکان ( نزمەکان )

دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژئاوای ناوچەی چیا بڵندەکانەوەکەبەرزیان لە نێوان ( ١٠٠٠ بۆ ٢٠٠٠ م ) ە لە ئاستی ڕوی دەریاوە ئەم چیاکانی توشی داڕوتان بون کە زۆربەیان لە بەردی کلس و جیرین

### ٣ - دەشتی ناوشاخ

دەکەونە ناوچەی چیا نزمەکانەوە کەگرنگ ترین ناوچەی نیشتەجێبوون وەسەرچاوەی کشتوکاڵن

### بەرزو نزمی

بەرزو نزمی رووی زەوی کاریگەریەکی زۆر دەکاتە سەر گەش و هەواو رەگەزە سروشتیەکان تر بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێن لە جیاوازی خەسڵەتەکانی ئاو و هەوا ( لە رووی‌چەندێتی چۆ نیەتی وە پلەی گەرما ) بەرزی شاری سلێمانی لە ( ٤٠٠ م ) وە دەستپێدەکات بۆ ( ٢٥٠٠ م ) لە سەر ئاستی دەریاوە کە



ئەمەش جیاوازیکی زۆر گەوری بەرزو نزمیە بەمەش پلەی گەرما جیاوازی دەبێت کە لە نێوان ( -١٤ بۆ ٤٦ پلە دەگۆڕێت لە نێوان وەرزەکانی ساڵ و بەرزو نزمی دا.

## جوگرافیای خاك

بە شێوەیەکی گشتی لە شەش جۆرە

١ - خاکی ( ئەنتیسۆڵ )

زۆرینەی خاکی سلێمانی پێك دەهێنێت بە تایبەتی ناوچە بەرزەکان کە دووچاری ڕامالێن بوون بە خاکی چین چین ناسراوە .

٢ - خاکی ئەنسپیتیسۆڵ

ئەم جۆرە تواناى گۆڕانی هەیە بۆ جۆرەکانی تری خاك

٣ - خاکی ( ڤێرتیسۆڵ )

لە خۆر ئاوای سلێمانی بەدی دەکرێت کە٣٠٪ کانزای قوڕیە تا قولای ( ٥٠ سم )

٤ - خاکی ( مۆلیسۆڵ )

ڕەنکی ئەم جۆرە ڕەش و پێکهاتەکانی جۆرێك لە تفتێتی تێدایە

٥ - خاکی ( ئەریدسۆڵ )

ئەم جۆرە رێژەی خوێ زۆرترە لە ناوچەی وشکەکاندا دەبینرێت کە دیاردەی کۆبونەوەی ( کاربۆناتی کالیسیوم ) تێیدا دەردەکەوێت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ٦- زەوی شاخاوای

ئەم جۆرەسیفەتی خاکیان تێدا نیە ڕێژەی (کاربۆناتی کالیسیۆمی ٤٠٪ زیاترە ) کە کرداری ڕامالێنی زۆرە .

ناسینی و پۆلێن کردنی خۆڵ و خاشاك لە هەر شارێك بە شێکە لە چارەسەرکردن دیارە شاری سلێمانیش بۆتە شارێکی گەورە کەنزیکەی (٨٠٠٠٠٠) کەسی تێدا دەژی بەتایبەتی لەم چەند ساڵانەی ڕابردوودا ڕێژەی خۆڵ و خاشاك زۆر زیادی کرد بەهۆی کێشانی خۆڵی (٢٠٠) ماڵی شاری سلێمانی کە ژمارەی ئەندامانی خێزانی تێدا وەرگیراله یەك ڕۆژدا بەم کارەش تێکرای گشتی وەرگیرا بە تایبەتی ئەم دووسەد ماڵەی لە سەرجەم گەڕەکانی شاری سلێمانی بوو کەتێدا بۆ هەر کەسێك نزیکەی (٨٥٠ گرام ) وەك تێکرای گشتی دەتوانین کاری پێبکەین کە (٦٨٠) تەن بۆ تێکرا لەیەك ڕۆژدا ئەمە جگەر لەو خۆڵ خاشاکەی ناو چەی پیشەسازی ناوەندی بازرگانی و خۆڵ و خاشاکی پاش ماوەی بینا سازی کە گەورترین ڕێژەی خۆڵ و خاشاکە هەریەکە لەمانە بە شێوەیەکی چڕو پڕ باس دەکەین .

## یەکەم / خۆڵ و خاشاکی ناو ماڵ ( نفايات المنزلية ) :

ماڵ ئەو شوێنەیە کە هەمووکان تێدا نیشتە جێن و تەواوی پشوی مرۆڤی تێدایە لەنان خواردن و خۆشتن و جوانکردنی ناو ماڵ و گۆڕینی پێداویستی تاکو لەبەر چاو دەرون پەسەند دەبێت ئەم کارانەش لە ئەنجامدا بڕێك لە شتی زیادە دروست دەبێت کە بەکارنایەت بەمەش دەوترێت خۆڵ و خاشاکی ناو ماڵ ئەوە بڕ خۆڵ بە پێی ژمارەی ئەندامانی خێزان و گەورو بچوکی ڕوبەری ماڵ و ئاستی گوزەرانی خێزان زۆری و کەمی بڕی خۆڵ و خاشاك دیاری دەکات و ئاستی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی تاك و جۆراو جۆری خۆڵ و خاشاك دیاری دەکات .



لە ئە نجامی پشکنینی خۆڵی (٢٠٠) ماڵ لە شاری سلێمانی بۆ دیاری جۆری خۆڵ و خاشاك کەوەك ڕێژەی سەدی دیاری بکرێت بەم شێوەیەبوو :

| | |
|---|---|
| ١- توخمی ئۆرگانی ( پاشماوەی خواردنی ناو ماڵ ) | ٢٦٪ |
| ٢- توخمی سیلیلۆزی (کاغەزو جۆرەکانی ) | ٥٪ |
| ٣- توخمی کاربۆنی (دارو هاوشێوەکانی ) | ١١٪ |
| ٤- توخمە کانزایەکان ( قتوو و توخمە ڕەقەکان ) | ١٩٪ |
| ٥- توخمە نایلۆنیەکان (جۆرەکانی نایلۆن ) | ١٦٪ |
| ٦- توخمانەی ناکەوەنە ئەم (٥) جۆرەوە | ٩٪ |
| ٧- شلەمەنیەکان ( ئاو جۆرەکانی ) | ١٤٪ |
| کۆ: | (١٠٠٪) |



وێنەی ژمارە (٣) بە شێك لە خۆڵی یەك ڕۆژی ماڵێك لە گەڕەکێکی سلێمانی

ئەم ڕێژانەی کەوەرگیراون دەتوانین چەندین زانیاری گرنگ لەسەر شێوازی ژیانی و ئاستی گوزەرانی و ڕۆشنبیری خەڵك وەربگرین هەوەها ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە خەڵکی شاری سلێمانی ئاستێکی گوزەرانی باشیان هەیە لە چاو ناوچەکانی دەورو پشتی ڕێژەکەش ئەوە دەردەخات کە خواردن ڕێژەی یەکەمی پێك دەهێنێت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاشان قتوەكان كەرێژەیەكی زۆرە ئەمەش واتای زۆربونی خواردنی هەڵگیراو لە سلێمانی زۆر زیادی كردوە كەمترین رێژەی سلیلۆز واتای كەمترین رێژەی خوێندنەوە هەیە لە سلێمانی ئەتوانرێت چەندین زانیاری گرنگی تر وەربگرین بەلاَم باسەكەمان ئەمە نیە .

پاراستنی ژینگەجگەر لەبونی رۆشنبیری و ئاستی زانیاری پێویست هەوڵ و كاركردنی دەوێت خۆڵ خاشاكی مالاَن ئەگەر بە شێوازی زانستی فرێیدرێت و هاوكاری خەڵكی لەگەڵدابێت

لەكۆكردنەوەوو كەمتربەكارهێنانی ئەو شتانەی كەزیادەیان زۆرە هۆكاری سەرەكین بۆ پاك راگرتنی ژینگەی شاری سلێمانی

شارەوانی سلێمانیش بەشێكی گرنگی بۆ پاراستنی ژینگە لەبەر گرنگی لە بەشەكانی داهاتودا بەوردی لەم بەشە دەدۆێین .

## دووم /خۆڵ و خاشاكی ناوچەی بازرگانی

ناوچەی بازرگانی لە شاری سلێمانی ناوچەیەكی گرنگە دەكەوێتە ناوەراستی شارەوە زۆربەی كۆگا بازرگانیەكان كەهەمە چەشنەن لە یەك شوێندا كۆبونەتەوە لە چەند كیلۆمەترێكی چوارگۆشە تێ ناپەرێت لەگەڵ ئەوەی بەم سالاَنەی رابردوو چەند شوێنكی تری شاری سلێمانی كرانە شوێنی بازرگانی وەك شەقامی ( ٦٠ ) مەتری چەند شوێنكی تر بەلاَم هێشتا شوێنی سەنتەری شاریان نەگرتەوە هەرچی خۆڵ و خاشاكی سەنتەری بازرگانی جیاوازی تەواوی هەیە لە گەڵ خۆڵ و خاشاكی ناو مالَدا لە ئە نجامی وەرگرتنی ( ٢٢٠ ) شوێنی جیاواز لە ناو سەنتەری بازرگانی بۆ شیكردنەوەی جۆری خۆڵ خاشاك بەم جۆرە دەرچووو :

١- توخمی ئۆرگانی( پاشماوەی خواردن ) ١٧٪

٢- توخمی سلیلۆزی( كاغەزو جۆرەكانی ) ٤٣٪



٣- توخمی نایلۆنی ( جۆرەكانی نایلۆن ) ٢٨٪

٤- توخمی كانزای ( جۆرەكانی كانزایەكان ) ١٢٪

كۆی : ( ١٠٠٪ )

كەئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جیاوەزیاكان چەند زۆرن



وێنەی ژمارە ( ٤ ) ناوبازاڕی شاری سلێمانی بەردەم قادرمەكانی شەقامی مەولەوی كە لەیەك كاتژمێردا ئەو برە خۆڵە دروست بوە بۆ ( ٨ ) كاتژمێری زیاتر دەمێنێتەوە زیاد دەكات لە پاشان فرێدەدرێت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



وێنەی ژمارە ( ٥ ) بەردەم شارەوانی کۆن ( بلێدەکە ) کەتەنها لەیەك کاتژمێردا کۆدەبێتەوە

## سێهەم / خۆڵ و خاشاکی ناوچەی پیشەسازی

ناوچەی پیشەسازی لە شاری سلێمانی لە دوو شوێنە کە دیسان خۆڵ و خاشاکیان زۆر جیاوازترە لە شوێنەکانی تر دیارە کە زۆربەی خۆڵ خاشاکیان لە پارچەی ئەو ئامێرانەی دێت کە خراپ دەبن و پاشان چاك دەکرێنەوە بە زیادبوونی ژمارەی ئامێرەکان زیادبوونی بڕی خۆڵ و خاشاکە دوای وەرگرتنی چەند نموونەیەك لە شوێنی ناوچەی پیشەسازی شاری سلێمانی بۆ شیکردنەوەوە زانینی جۆرەکانی بەم جۆرە دەرچوو :

١- توخمی کانزای ( هەمووجۆرەکانی کانزا ) ٦٣٪

٢- توخمی سلیلۆزی( جۆرەکانی کاغەز ) ١٤٪

٣- شلەمەنیەکان ( هاوشێوەکانی نەوت ) ١٢٪

٤- توخمی نایلۆنیەکان( هەموو جۆرەکانی‌نایلۆن ) ١١٪

کۆی : ( ١٠٠٪ )





وێنەی ژمارە ( ٦ ) بەشێك لە خۆڵ و خاشاکی ناوچەی پیشەسازی کە ڕێژەی زۆرینەی کانزای پێوە دیارە



وێنەی ژمارە ( ٧ ) بەشێکی تری خۆڵ و خاشاك لە ناوچەی پیشەسازی

## چوارەم/ خۆڵ و خاشاکی تایبەتی پزیشکی

ئەم جۆرە خۆڵ و خاشاکە لە هەموو جیهاندا کاری تایبەتی بۆ دەکرێت و لە شوێنی تایبەتدا چارەسەر دەکرێت کاری داپۆشین وسوتاندنی تایبەتی بۆ دەکرێت لە بەر ئەوەی ئەم خۆڵ و خاشاکە ژمارەیەکی زۆری لە میکرۆبەکان تێدایە لە ولآتە پێشکەوتوەکان یاسای تایبەتی هەیە بۆ شێوازی چارەسەرکردنی لە شاری سلێمانی ئەو خۆڵ و خاشاکەی لە نەخۆشخانەکان هەیە تێکەڵی خۆڵ و خاشاکی ئاسای دەکرێت فرێدەدەرێت بە بێ گوێدانە هیچ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕێنمایەکی تەندروستی گشتی بە پێچەوانەوە خۆڵ و خاشاکی زۆربەی نەخۆشخانەکان شارەوانی خۆی فرێدەدات کە وەك پێویست دەبێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی خۆی ئەم کارەکە لەژێرچاودێری وردی پسپۆڕەکانی خۆیدا بکات چارەسەری ئەو خۆڵ و خاشاکەبە ڕێگای زانستی و کیمیاوی بکات .



**وێنەی ژمارە (٨) بەشێك لە خۆڵ و خاشاکی نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی کە ترسناك ترین جوری خۆڵ و خاشاك لەڕوی زیانی بۆ ژینگە**





**وێنەی ژمارە (٩) بەشێك لە خۆڵ و خاشاکی پزیشکی لە یەکێك لەنەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی**

## پێنجەم / خۆڵ و خاشاکی سروشتی

ئەم جۆرە خۆڵ و خاشاکە زۆر بە ئاسانی دەناسرێتەوە هۆکارەکانی سروشتیە سروشت دەتوانێ بە ئاسانی شیان بکاتەوە لەوانەش :

١- گەڵا و لقی دارەکان

٢- لاشەی ئەو گیاندارانەی کە رۆژانەی دەمرن

٣- ئەو تۆزو خۆڵانەی لە ئە نجامی باو گێژەلوکەکانەوە دروست دەبن

شاری سلێمانیش ڕێژەیەکی باشی لەم جۆرە خۆڵ و خاشەکە هەیە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



وێنەی ژمارە (١٠) بەشێك لە خۆڵ و خاشاکی سروشتی

## شەشەم /خۆڵ و خاشاکی خانووسازی

دروستکردنی خانوو وبالأخانە و چاکردن و نۆێ کردنەوەی شوێنی نیشتەجێکا نمان جۆرێکی تایبەت لە خۆڵ و خاشاك دروست دەکات کە لە روی پێکهاتەوە جیاوازەو گواستەوەو بارکردنی ئەرك و ماندوو زۆری دەوێت ,ئەم جۆرە خۆڵ خاشاکە هەرلە پێکهاتە سەرەکیەکانی خاکە و کەمترین ڕێژەی پیس بوونە لە ولأتە پێشکەوتوەکان لە شاری سلێمانی بۆتە گێشەکەیەکی گەورە لەبەر ئەوەی خانوو دروستکردن لە شاری سلێمانی زۆرترین پاشماوەی هەیە وەلە نزیکترین شوێنی چواردەوری خۆمان لە کەلاوەو زەویە بەتاڵەکان فڕێی دەدەین کەئەمەش بۆ شارەوانی ئەرکێکی قورس و بڕێکی سەرمایەی زۆری دەوێت بۆ فڕێدانی





وێنەی ژمارە (١١) بەشێك لە خۆڵ و خاشاکی تایبەتی خانوو بەرە کە ڕێژەیەکی زۆری خۆڵ و خاشاکی سلێمانی پێکدەهێنێت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



وێنەی ژمارە ( ١٢ ) بە شێكی تری خۆڵ و خاشاكی خانوو بەرە

## ڕێژەو جۆری خۆڵ و خاشاك لە شاری سلێمانی

بۆ وەرگرتنی ڕێژەیەكی زانستی و دروست لە سەر ڕێژەی و جۆری خۆڵ و خاشاك هەستاین بە كێشانی ( ١٢ ) جۆری ئامێری جۆراو جۆری شارەوانی سلێمانی لە ( ١٢ ) شوێنی جیاواز ڕێژەی جۆراو جۆرەكان بەم جۆرە دەرچوو

| | |
|---|---|
| ١- خۆڵ و خاشاكی ناو ماڵ | ٪٥٤ |
| ٢- خۆڵ و خاشاكی ناوچەی پیشەسازی | ٪١٢ |
| ٤- خۆڵ و خاشاكی تایبەت | ٪٦ |
| ٥- خۆڵ و خاشاكیسروشتی | ٪٢ |
| ٦- خۆڵ و خاشاكی خانووسازی | ٪٢٦ |
| كۆ/ | ( ٪١٠٠ ) |



## بەشی خزمەت گوزاری شارەوانی سلێمانی

گەرچی ئەم بەشە لەسەرەتای شارەوانیەوە دامەزراوە لەشاری سلێمانی بەلاّم تاكو ئێستا توێژینەوەی پێوستی بۆ نەكراوە لە ڕوی زانستی و پێكهاتوەەو كە گرەنگ ترین بەشی شارەوانیە لە بەر ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تەندروستی گشتی یەوە هەیە لە بەرگرنگی ئەم بەشە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەكی زانستی و چڕلێكۆڵینەوەی لەسەر بكەین .

### یەكەم / شێوازی كاركردنی ئێستا

ئەم بەشە بەشێكە لەسەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی یەك لێپرسراوی هەیە كە ڕاستەوخۆ بە سەرۆكی شارەوانیەوە پەیوەستە , بە پێی سنورێكی جوگرافی شاری سلێمانی دابەش كراوە بە حەوت بەشەوە كە پێدەوترێت ( یەكەی خزمەت گوزاری ) لەسەر ئاستی سنوری گەڕەكانی شاری سلێمانی دابەش بوە بەم شێوەیە :

١- یەكەی سەركارێز (كەسنورەكەی بە پێی نەخشەی ژمارە ( ١ ) دیاری كراوە )

٢- یەكەی گۆیژە (كەسنورەكەی بە پێی نەخشەی ژمارە ( ١ ) دیاری كراوە )

٣- یەكەی ناوەندی شار ( كەسنورەكەی بە پێی نەخشەی ژمارە ( ١ ) دیاری كراوە )

٤- یەكەی ئاشتی ( كەسنورەكەی بە پێی نەخشەی ژمارە ( ١ ) دیاری كراوە )

٥- یەكەی بەختیاری ( كەسنورەكەی بە پێی نەخشەی ژمارە ( ١ ) دیاری كراوە )



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٦- یەکەی رزگاری ( کەسنورەکەی بە پێی نەخشەی ژمارە ( ١ ) دیاری کراوە )



٧- یەکەی سەرچنار ( کەسنورەکەی بە پێی نەخشەی ژمارە ( ١ ) دیاری کراوە )

هەروەها نەخشەی ژمارە یەك بەوردی سنورەکانی دیاری کراوە

لە روی کارگێریەوە ئەم بەشە بە پێی ئەم هێلکاریە دابەش کراوە
لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزاری









لە روی دابەشکردنی ئامێرەوە و توانستی مرۆی وە ژمارەی ژینگە پارێزەوە و ناوی گەرەکەکانەوە بەم پێیەدابەش کراوە :

بە پێی دابەش بونی ئامێرەکانی و ژمارەی ژینگە پارێزو چاودێر بۆ ساڵی ٢٠٠٦ بە شێوەی خوارەوەیە

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی بتوانین سود لەتواناانی ناوخۆ وەربگرین دەبێت چەند هەنگاوێك بنرێت کەئەمەش گرنگی پێدانی بەشی خزمەت کوزاری لە شاری سلێمانی

## بە زانست کردنی بەشی خزمەت گوزاری

گرنگی دان بە بە پاراستنی ژینگە ئەرکی سەر شانی هەموو حکومێتێکە لە جیهاندا .

بۆ پارێزگاری کردن لە ژینگە دەبێت بەردەوام توێژینەوە بکرێت تاکو گونجاوترین پلان و باشترین سیستمی پاراستنی ژینگە مسۆگەر بکرێت .

لە دنیای تازەدا تەنانەت رێکخراو پارتی تایبەت دروست بون بە تایبەتی لە ولأتە پێشکەوتوەکان کە پەیرەو پرۆگرامیان لەسەر بنەمای پاراستنی ژینگە دارشتوە لە پەرلەمانەکاندا دەیان ئەندامیان هەیە ئەو پارت ورێکخراوانە لەسەر ئامانجی ( خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن ) کاردەکەن .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەورەبونی شاری سلێمانی پێویستی هەنوکەی بۆ پاراستنی ژینگەی سلێمانی دروست کرد شاری سلێمانی گەرچی شارێکی جوانە بەلاَم بەم چەند سالاَنەی ڕابردوو پیسیەکی زۆری بە خۆیەوە بینی بە تایبەتی لە ڕووی (خۆلْ و خاشاکەوە) دیارە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێت هەولْی بە زانست کردنی بەشی پەیوەندی دار بدەین واتە (بەشی خزمەت گوزاری شارەوانی سلێمانی) کە تێدا دەبێت ڕەچاوی سیستمێکی نوێ بکرێت کە تەواو پێچەوانەی ئەم سیستمەی ئێستایە بۆ دارشتنی سیستمێکی نوێ دەبێت جارێ لە شێوازی ئێستای کاری بەشی خزمەت گوزاری بگەین .

سیستمی ئێستا چۆن کاردەکات :

یەکەم / بەشی خزمەت گوزاری بەشێکە لە بەشەکانی شارەوانی سلێمانی کە لەسەر نەخشە دابەش کراوە بە (٧) بەشەوە بەم بەشانە دەوترێت (یەکەی خزمەت گوزاری) وەك لەبەشی پێشەوە رونمان کردەوە :

## ئەو بوارانەی کە پێوستە لێپرسراویتی بەشی خزمەت گوزاری بدرێتی

( لەبەر ئەوەی وەك خوێندی زانکۆ پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان بوارێکی تایبەتیمان نیە ) بەلاَم بە شێکردنەوەی کارکردنی بەشی خزمەت گوزاری شێوازی کارکردنی دەتوانین چەند بوارێك دەستنیشان بکەین بۆ لێپرسراویتی ئەم بەشە کرنگە :

شێوازی لێپرسراویتی :

١- کۆکردنەوەی زانیاری

٢- ڕۆپێوکردن و ژمارەکردنی گەرك گۆلاَنەکان

٣- دابەشکردنی ئامێر و پاکەوان بۆ شەقامەکان



٤- پێوانەکردنی کێش و قەبارەی ئامێر و تەمەنی ئامێر جۆری ئامێر

٥- دروستکردنی خانەی و برین و پرکردنەوەی زەوی بۆ شوێنی دا پۆشین

ئەم (٥) خالَەی سەرەوە سەرکین دەتوانین لێرەوە ئەو بوارانە دیاری بکەین کەدەتوانن لێپسراوێتی وەك خوێندن دیاری بکەین :

١- ئەندازەی رو پێوان

٢- ئەندازەی تەلاسازی

٣- ئەندازەی سارستانی

٤- روو پێوو ( پەیمانگا )

٥- تەلاسازی ( پەیمانگا )

ئەم پێنج گروپە سەرجەم ئەو شێوازانەیان خوێندوە بە شێوەکی گونجاو کە لەگەلْ شێوازی کارکردنی بەشی خزمەتگوزاری بگەونجێت بەم سالاَنەی دوای شارەوانی چەند کارێکی چاك کاری کرد لەوانە ( ئەندازیارێکی ) کردە لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزاریلە سالاَنی (١٩٩٩ تاکە ٢٠٠١) بەلاَم پاش ماوەیەك کەسێکی تر بو بە لێپرسراوی کە پسپۆری لەم بواردا نی یە . بۆ زانست کردنی ئەم بەشە پێوستە لانی کەم یەکێك لەم بوارنە ی سەرەوە بەتایبەتی ئەندازیارێك کە سەدان دەرچوی ئەم بەشانەمان هەیە .

وەك روونە ئەم دابەش کردنە هیچ بنەمایەکی زانستی نیە کە باس لە بنەمای زانستی دەکەین واتە :

- لە ڕووی ژمارەی ( خانوو ) دابەش نەکراوە
- لەڕووی یەکسانی ڕوبەرەوە واتە ( بەدۆنم ) دابەش نەکراوە
- لە ڕووی ( چڕی ) کەمی و زۆریەوە دابەش نەکراوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- لە ڕووی یەکسانی ژمارەی گۆلان و شەقامەوە دابەش نەکراوە
- لە ڕووی ئاستی دابەش بونی شوێنەکان وە ( ناوچەی پیشەسازی و بازرگانی و نیشتە جێ ) دابەش نەکراوە

لەبەر ئەوەی لەڕوانگەیەکی زانستیەوە دابەش نەکراوەگۆمەڵێك کێشەی زۆر گەورەی بۆ شارەوانی دروست کردوە لەوانە :

١- گەڕەکی واهەیە لە (٢٤) کاتژمێر دووجار ئامێری خۆڵ (کەبس) دەچێتە بەردەمی کە ئەمەش زەبرێکی کوشندەیە لەڕوی ئابوریەوە بۆ شارەوانی چونکە لە پێشکەوتو ولاتی جیهاندا هەرگیز دووجار خۆڵی یەك شوێن هەڵناگیرێت نموونەی ئەمەش (سەنتەری بازرگانی ناو شارە) واتا ناوبازاڕ هەروەها زۆربەی سوپەر مارکێتەکانی شەقامی (٦٠) و ناو شار ئەمە جگەر لە جێشت خانە گەورەکان سەرجەم شار .

٢- بە پێچەوانەی خاڵی یەکەمەوە گەڕەکەی واهەیە لە شاری سلێمانی کە بە (٧) رۆژ یەك جار خۆڵەکەیان بۆ باردەکرێت وەك زۆربەی گەڕەکە میلیەکانی شاری سلێمانی کە ئەمەش خراپترین دەوڵەتی جیهان خزمەتی لەو جۆرەی نیە کەئەمەش کەمترین ئاستی خزمەتە .

٣- لەبەر ئەوەی دابەش بونەکە هیچ بنچینەیەکی زانستی نیە بەمەش بەشی خزمەت گوزاری هیچ بنچینەیەکی نیە بۆ پێشکەوتن کە گرفتی سەرەکیە بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەم بەشە .

٤- لەڕوی ئیداریەوە ئەم بەشە یەك لێپرسراوی هەیە کە دەسەلاتی تەواوی هەیە لە
ڕووی بەڕێوەبردن و کاری کارگێڕی وەکە دیسان ئەم سیستمە کۆنەوە گەلێك گرفتی هەیە .



٥-لە ڕووی دابەش بوونی ئامێرەوە دیسان هەمان کێشەی یەکەم جارمان هەیە بەم جۆرە :

ا- لەگەڵ ئەوەی ئامێرەکان جۆراو جۆرن بە پێی هیچ سیستمێك دابەش نەکراون

ب- هیچ ژمێرەیەك بۆ بڕی گازی کارکراو کراو چاکردنەکردن ناکرێت

ج- توانای هەڵگرتنی ئامێر لە ڕووی کێشەوە هیچ کارێکی پێناکرێت

د- لە روی شۆردن و پاك ڕاگرتنی ئامێرەوە مانگی یەك جار کەئەمەش نزمترین ئاستی پاك ڕاگرتنی ئامێرە .

ه- کاری چاودێری کردن لە نزمترین ئاستدایە

با ئەم خالآنە ڕونتر بکەینەوە :

**١- بە پێی ئەو لیستەی کە ئامێرەکانی بەشی خزمەت گوزاری لە خۆگرتوە بەم جۆرەیە :**

کە دابەشکردنی ئێستا بەم جۆرەیە :

گەڕەکی وا هەیە لە سلێمانی کەبسی جۆری یەکەمی بۆ دانراوە کە کێشەکەی (٨) تەنە کە بە پێی هەمان دابەشکردن بۆ گەڕێکی هاو شێوەی ئەو کەبسێك دانراوە لە جۆری حەوتەم کە (٣) تەنە کە دیارە ئەمەش زیانێکی گەورەیە هەم بە ئامێرەکان هەم بە سەرمایەی شارەوانی .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٥-جۆری كەبس هەیە لە ماوەی یەك ساڵدا چەندین جار بەهۆی شكاندنەوە دەكەوێت كە بە پێی بەشی ئامێرەكان ٢٠٪ كاتەكەی كەوتوە واتە شكاوە دیاریشە هەموو شكاندنێك برێكی زۆری پارەی تێدەچێت بۆ چاكردنەوەی ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە رووی زانستیەوە هەرچی وردەكارییێت بۆ تەمەنی ئامێر ناكرێت واتە ( العمر الاندیثار ) كە دیارە هەموو ئامێرێك تەمەنی خۆی هەیە بۆ كاركردن بەلاَم ئامێرمان هەیە چەند جارێك تەمەنی بەسەر چوە بەلاَم هەرلە كاركردندایە كە دەتوانین بڕی پارەی تێچو بۆ چاكردنی ئامێرێكی تازەی پێبكرێت .

١-لەگەڵ ئەوەی ئامێرەكان جۆراو جۆرن زۆربەیان بێكەڵكن تاكو ئێستا كار بە جۆراو جۆری ناكرێت واتا بە پێی توانای هەڵگرتنی ئامێرەكان دوای توێژینەوە لە سیستمی كاركردن ئامێری واهەیە كە ئەتوانێ (٧) تەن هەڵگرێت هەر بە وەك و ئەو ئامێرە باردەكات كە (٢,٥) تەن هەڵدەگرێت كە ئەمەش زیانێكی گەوری ترە لە شاروانی دەكەوێت

٢-پاك راگرتنی ئامێرەكان جگەر لە پاراستنی ژینگە پاراستنی ئامێرەكە خۆیەتی هەروەها پاراستنی كیانی ئەو ژینگە پارێزو شۆفێرانەیە كە رۆژانە كاردەكەن لە ولاَتە پێشكەوتوەكان ئەو ئامێرانەی ئەو كاردەكەن هەم رەنگی ئامێرەكان جیاوازە هەم جل و بەرگی كارمەندانی تایبەتی لە پێناوی پاراستنیان هەم رۆژانە بە جۆرێكی تایبەت لە پاگژكەرەوەی دەشۆرێن لە سلێمانیش تەنها مانگی جارێك دەشۆرێت .

سێهەم / لەبەر ئەوەی بەشی خزمەت گوزاری لەسەر سیستمی كاتژمێر كاردەكات كە ئەمەش سیستمی كاری كارگەیە نەك ( دەزگایەكی خزمەت گوزاری ) بۆ یە ئەم كێشانە دروست دەبێت :



| ژ | جۆری ئامێر | بڕی باركردن بە تەن | ژمارەی ئامێری |
|---|---|---|---|
| ١ | سكانیا | ٧,٥ | ١٠ |
| ٢ | ئاسۆزۆ گەورە | ٧ | ١١ |
| ٣ | ئاسۆزۆی بچووگ | ٣,٥ | ٢١ |
| ٤ | تراكتۆری جۆراو جۆر | ٢,٥ | ١٦ |
| ٥ | حاویە هەڵگری جۆراو جۆر | ٤ | ٧ |
| ٦ | رینۆی كەورە | ٧,٥ | ٧ |
| ٧ | ئیڤیكۆ بچووك | ٣ | ١٢ |
| ٨ | هینۆی گەورە | ٥ | ٧ |

١- ئەگەر ئامێرێك كە كێشی بار هەڵگرتنی ( ٧ ) تەن بێت ئەوا لانی كەم بە پێی ئەو توێژینەوانەی كردوومانە پێویستی بە (٤) كاتژمێر هەیە ئەكەر (٣) ژینگە پارێزی هەبێت تاكو بە توانای تەواوەتی كاربكات واتە (٧) تەن باربكات ئێستا بە هۆی سیستمی (كاتژمێر) وە لە (٣) تەن زیاتر هەڵناگرێت

٢- بەهۆی ئەم سیستمەوە واتە سیستمی كاتژمێر ئامێرێك دەبێت كاتژمێر (٨) بەیانی كاربكات بۆ (١١) چونكە تاكو دەگاتە سەر شوێنی فرێدانی خۆڵ و گەڕانەوەی بۆ شوێنی نان خواردنی (یەك) كاتژمێری پێویستە هەروەها بۆ كاروانی دووهەم هەمان شێوە بەم جۆرە لە جیاتی كاركردنی (٨) كات ژمێری تەواو كە دانراوە بۆ یەك ئامێر كە لە گەڕەكانی سەرچنار وەك هەمان ئامێروا یە كە لە گەڕەكی وولوبە كاردەكات كە دوری یەكەمیان لە تانجەرۆوە (٢٢)



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کلم و دوومیان (١٢) کلم  که ئەمەش دیسان نایەکسانیە لە کارکردندا و لە دابەش کردنی کاردا .

بۆ بە زانست کردنی هەر هەنگاوێك دەبێت هەنگاوەکانی کارکردن و پێکهاتە سەرکیەکانی شێوازی کار شیبکرێنەوە خاڵ بەند بکرێت کارکردنی بەشێکی گرنگی وەك خزمەت گوزاری لەسەر سێ هەنگاوی سەرەکی بەندە :

## ١- کاری کۆکردنەوە

ئەم کارە یەکەمین کێشەیە کە شاری سلێمانی توشی بووە هۆکارەکەی زیاتر خەڵکە کە گوێ نادەن بە پاك و خاوێنی هەرچی بۆ فرێدان بشێت لەهەر جێگەیەك دابێت فرێدەدرێت ئەمەسەرڕای کەمی ژمارەی ژینگە پارێز و نەبونی ئامێری تایبەتی کۆکردنەوە



(وێنەی ژمارە ١٣ ) پابەند نەبونی کاسبکاران بە پاراستنی ژینگە فرێدانی خۆڵ و خاشاك بە شێوەیەکی هەڕەمەکی





(وێنەی ژمارە ١٤ ) شەقامی گشتی کاك ئەحمەدی شێخ لە پاش نیوەڕۆیەکی پایزدا

## ٢- کاری گواستنەوە

کاری گواستنەوە مامناوەندە پێویستی بەشی خزمەتگوزاری بەتەواوەتی دابیناکات ناکات کەئەمەش وەك ئاماژەی پێکرا بەهۆی خراپی بەکارهێنانەوە کە زانستیانە بەکارنایەت ٤٠٪ تونای بە فیرۆ دەڕوات

## ٣- کاری چارەسەرکردن

کاری چارەسەرکردن زۆر خراپە هیچ زانستیانە نیە کەئەمەش زیانێکی گەوریە بەژینگەی سلێمانی پێویستی بە چارەسەری زیاترەوەك لەبەشەکانی پێشودا ئاماژەمان بۆکرد بە دوروو درێژی .

لێرەدا بەگشتی بە شێوەیەکی زانستی سەرجەم خاڵەکانی شێوازی کارکردن و زیانەکانمان دەست نیشان کرد ئێستا بە شێوەیەکی زانستی دەتوانین



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چارەسەری زۆربەی کێشەکان بکەین بە پێی ئەو توێژینەوەی کە نزیکەی (٢) ساڵی خایاند .

یەکەم / سەر لە نوێ دابەش کردنەوەی نەخشەی شاری سلێمانی ئەتوانرێت

١-لەسەر ئاستی یەکسانی گەڕەکەکان و ئامێرەکان

٢- لەسەر ئاستی یەکسانی رووبەری شاری سلێمانی

٣- لەسەر ئاستی دابەش بونی شوێنەکان وە (ناوچەی پیشەسازی و بازرگانی و نیشتە جێ )

کە هەریەکە لەم شێوازانە زانستین و کاریان پێدەکرێت لە جیهاندا

لە روو جۆراو جۆری ئامێرەکانەوە دەتوانین بە ئاسانی دابەش بکرێن بە پێیی توانای ئامێری و گەورەو بچوکی و شیاوی جۆری ئامێر .

١- لە ڕووی دابەشکردنی توانستی مرۆیی بە ئاسانی دەتوانین ژینگە پارێزەکان بەسەر شەقامی گشتی دا دابەشبکرێت بە بێی هیچ کێشەیەك

٢- دەتوانین یەکسانی لە کاتی بارکردنی (خۆڵ و خاشاك ) لەسەرجەم شوێنەکان وەك یەك وابن واتە لە باشترین کاتدا بە دوو رۆژ جارێك بۆ شوێنە نیشتە جێکان و رۆژی یەك جار بۆ شوێنە بازرگانیەکان کە ئەمەش دەبێت شوێنە بازرگانیەکان لانی کەم (حاوی پلاستیکی سەر دا پۆشراو) یان هەبێت کە بتوانێت تاکو ئێوارە خۆڵ بکرێت و بلاّ و نەبێتەوە لە بەردەمیان

٣- لەم شێوازەدا دەتوانرێت بە ئاسانی کۆنترۆڵی بەشە کان بکرێت بە ئاسانی کەم و کوڕیەکانی چارەسەر بکرێت هەروەها بۆ داهاتوش بە شێوەیەکی ئاسان دەتوانرێت کاری زیاد بوون بەرفراوان بونی بۆ بکرێت

٤- بۆ دابەش کردن باشتر وایە هەر یەکەیەك لە (١٥) کم چوارگۆشە زیاتر نەبێت لە (١٠) کم چوارگۆشە کەمتر نەبێت کە یەك لێپرسراوی هەبێت لەگەڵ



ئۆتۆمبیلێکی تایبەت بەتایبەتی کەشاری سلێمانی ژمارەی گەڕەکەکانی لە (١١٠) گەڕەك زیاترەنزیکەی لە (١٠٠) کم چوارگۆشە زیاتر خنووی تێدا دروست کراوە .

٥- جیاکردنەوەی سەنتەری بازرگانی لەزۆربەی ولاّتانی جیهاندا پەیرو دەکرێت باشتر وایە لە شەودا لە دوای کاتژمێر (١٢) کاری تێدا بکرێت تاکو بەیانیان پاك بێت بەرۆژیش لەکاتژمێر (١) پاش نیوەرۆوە بۆ (٥) پاش نیوەڕۆ کاربکرێت بەم شێوەیە هەمیشە پاك و خاوێن دەبێت .

٦- بۆ ئەوەی بە ئاسانی کاری ئامێرەکان جێ بەجێ ببێت ئەوا دەبێت لانی کەم لە ناوچە نیشتە جێکاندا بۆ هەر (٦) کاتژمێر کارکردن بەم جۆرە کاربکەن :

خشتەی شێوازی کارکردن بە پێی کێش و ژمارەی خانوو

| ژ | جۆری ئامێر | کێش | ژمارە خانوو | کاتژمێری کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سکانیا | ٧,٥ | ٧٥٠ | ٦ |
| ٢ | ئاسۆزۆ گەورە | ٧ | ٧٠٠ | ٦ |
| ٣ | ئاسۆزۆی بچووگ | ٣,٥ | ٣٥٠ | ٦ |
| ٤ | تراکتۆری جۆراو جۆر | ٢,٥ | ٢٥٠ | ٦ |
| ٥ | حاویە هەڵگری جۆراو جۆر | ٤ | – | ٦ |
| ٦ | رینۆی کەورە | ٧,٥ | ٧٥٠ | ٦ |
| ٧ | ئیڤیکۆ بچووك | ٣ | ٣٠٠ | ٦ |
| ٨ | هینۆی گەورە | ٥ | ٥٠٠ | ٦ |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەتوانین ئەو ئامارەی بۆ شاری سلێمانی کراوە بۆ سەرژمێرکردنی خانوەکانی وەرگرین بۆ دابەشکردنێکی زانستی و ورد

وەك لێرەدا دیاری کراوە کە سەرژمێری ساڵی (٢٠٠٣) بە شی ئاماری شاری سلێمانیە .

دووەم / باشتر کردنی لێپرسراوێتی بەشی حزمەت گوزاری (کارگێری)

بۆ ئەوەی کاری رۆتین و لێپرسراوێتی بیرۆقراتی بگۆرێن بیکەین بە بەشێکی کاراو سیستماتیك دەبێت :

١- دانانی لیژنەی یەك بۆ بەرێوەبردن کە لە سەرجەم لێپرسراوی یەکەکان و دوو ئەنامی تر پێك هاتبن بۆ بریاردان لە چۆنیەتی کارکردن یان گۆرنی ناوچەیەك

٢- دانانی لیژنەیەك بۆ بەدواچون کە دەسەلاتی گۆرینی ئەنامانی لیژنەی یەکەمی هەبێت بە مەرجێك بەرا پۆرت و بەڵگەی دیکۆمێنتی (وەك وێنە و وێنەی فیدۆی ....هتد ) خراپی بەرێوەبردنی ئەو ئەندامە بسەلمێنێت

٣- دانانی سیستمی چاودێری بۆ سەرجەم ئامێرەکان کە ئەمەش بە چەند چاودێریکی کەم دەبێت ئەگەر لە شوێنی فرێدان خۆڵ و خاشاك بەپێی وەرگرتنی (کێشی ئامێر ) و (ژمارەی کاروانەکانی) کاتی زیادەی بۆ سەرف بکرێت

٤- بۆ هەموو(٢٥ ) ژێنگە پارێزێك دەتوانرێت یەك چاودێر دابنرێت تاکو بە ئاسانی کاری چاودێری بکات

٥- دانانی بەرپرسێکی گارگێری شارەزا کە کاری خۆیەتی بەشی خزمەت گوزاری رێك بخات و لەسەر را پۆرتی ئەندامانی لییژنەی یەکەم



٦- دانانی چەند لیژنەیەکی تایبەت ی سەربەخۆ بۆ تاوانە کردنی ئەو هاولاتیانەی کە سەرپێچی دەکەن لە ژێر چاودێری بەشی بەدوادا چوون

٧- دانای بەشێکی تایبەت بە بلاوکردنەوەو راگەیاندن بۆ هۆشیارکردنەوە دانانی رێنمای وپۆستەرو دانی پێداویستی راگەیاندن دیاری کردن چەند رۆژێك بۆ بەشداری کردنی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە هەڵمەتی پاك و خاوێنی

٨- ئامادەکردنی دەرخستە تایبەت کە لیژنەی یەکەم و دووم لەسەر بنەمای زانستی ئامادەی بکەن بۆ بەکرێدانی بەشێك وەك هەنگاوی یەکەم بە کۆمپانیای تایبەت ئەم هەنگاوە ببێت بە رەوشتێك هەردوو یان سێ جارێك بەشێکی تایبەت بدرێت بەکرێ کە ئەم هەنگاوش بەشێوەیەکی پلەی (تدرج) تاکو ژێنگە پارێز و کارمەندانی ئەم بەشە بێکار نەبن بەمەرجێك کاری دامەزراند بۆستێنرێت بەم شێوەیەش ئەم بەشە لە رووی کارمەندانی وە کەم دەبێتەوە لە کۆتایدا تەنها کاری چاودێری پێدەسپێرێت .

سێهەم / باشتر کردنی سیستمی کاری خزمەت گوزاری (بەسیستم کردنی کاری رۆژانە)

١-وە ك ئامارژەی پی ٓکرا کارکردن بە (کاتژمێر ) لەگەڵ ئەوەی هەندێك باشی هەیە بەلأم بە تەنیا ناتوانێ کاری پێویست ئەنجام بدات بۆ یەدەبێت سیستمی کێشانەکرد و هەژمارەی لەگەڵ دابێت تاکو بتوانین کۆنترۆڵی تەواوەتی شێوازی کارکردن بڕی وزەی سەرفکراو و کێشانەی دروست بکرێت .

ئەمەش بەم پێوەرانە دەبێتە کاری نمونەی

٢-بۆ ئەوەی بتوانین کاری پاك و خاوێنی بە شێوەیەکی کارا بێت دەبێت دانانی ژێنگە پارێز لە سەر بنەمای یەکەی بێت نەك کات کاری چاودێری کردنی زانستی هەبێت لەسەر یەکەی پاك راگرتنی شوێن بێت لە پاشان پەیوەستی بەو کارەیەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٣-دابینکردنی ئامێری پێشکەوتوو تاکو بتوانێ جێگەی ژینگە پارێز بگرێتەوە
٤-ناچارکردنی شوێنە بازرگانیەکان بۆ گرتنی ڕێو و شوێنی گونجاوو کە بەشێك لە ئەرکی پاکردنەوەیان لەسەر شانبێت
٥-وەرگرتنی باجی تایبەت لەو خاوەنی شوێنە بازرگانیەکان کەڕێژەیەکی کەم بێت تاکو بەو بڕە پارەیە خزمەتی زیاتر پێشکەش بکرێت
٦-بەکرێ دانی بەشێك لە خزمەت گوزاری بەکەرتی تایبەت .

گەرجی ئەو وردەکاریانە کە پێویستەبکرێت بۆ باشتر کردنی ئەم بەشە زۆر ئەوەی سەرەوە سەرکین ئەتوانرێت لە ئە نجامی ورد بونەوەدا شێوازی کارکردن کاری باشتر بکرێـت

٧-دابەشکردنی کیسی تایبەت لەڕێی بەشی خزمەت گوزاریەوە بەسەر ماڵ و شوێنی گشتی دا تاکو بەئاسانی خۆڵ و خاشاك بگۆێزرێتەوە وژینگەش باشتر بپارێزێت




( هێڵکاری زیاد بونی خۆڵ و خاشاك لە ماوەی شەشساڵی ڕابردوو بە تەن )



## دا پۆشینی تەندروست ( طمرصحی )

دا پۆشینی تەندروست یەکێکە لە ڕێگاکانی چارەسەرکردن ڕێگایەکی سەرەکی و ئاسانەلە ڕو میکانیك و هەرزانە لە ڕووی ئابوریەوە وە لە ڕووی زانستی وە شیاوترین چارەسەرە بۆ لەناو بردنی زیندەوەرە زیان بەخشەکان و مشەخۆرەکان کە بۆ تەندرستی مرۆڤ زیان بەخشن .

دا پۆشینی تەندروست چەندین مەرج و ڕێنمای تایبەتی هەیە کە هەوڵ دەدەین بەکورتی و خاڵ بەندیان بکەین لە گرنگترینیانەوە ,

دا پۆشینی تەندروست بە پێی ئاستی ئابوری و کەش و هەوا و بەرزو نزمی لە شۆێنکەوە بۆ شوێنکی تر دەگۆڕێت ,

بەگشتی بەم شێوەیە :

١- هەڵبژاردنی ئەو شوێنی گونجاو کە نزیك بێت لە شەقامی سەرەکی و ڕێگاو بانی هاتوچۆی تێدا ئاسان بێت
٢- دەبێت ئەو شوێنە لەسەر پلانێکی تێر و تەسەڵ کە بە پێیی زانیاری وورد کۆکرابێتەوە و نەخشەی تایبەتی بۆ کرابێت وە ڕێکای ئاسانی بۆ دیاری کرابێت لەسەر ئەو نەخشەیە
٣- دەبێت سەرجەم خۆڵ و خاشکەکە بە پێی پلانێکی گونجاو لەیەك جێگادا کۆبکرێتەوە نەك چەند شوێنێك تاکو دا پۆشین ئاسان بێت .
٤- هەلبژاردنی شوێنی دا پۆشین بەشێوەیەك بێت بتوانرێت کارگەی قەبارە جیاوازی لێدابنرێت و ڕێگرنەبێت لەکارە ئەندازەیەکان .
٥- دەبێت دامەزراوەی ساکاری هەبێت لە بەشی چاکردنی ئامێر بۆ ئەو ئامێرانەی لە و شوێنە کاردەکەن کە گونجاو بێت لەگەڵ کاری ڕۆژانە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٦- پاراستنی ئەو خۆڵ و خاشاکەی لە شوێنی داپۆشینە لە کەوتنەوەی ئاگر تاکو ژینگەی ناوچەکە نەخاتە مەترسیەوە لە پیس بون .

٧- مەشق پێکردنی ئەو کادرانەی لە شوێنی داپۆشین کاردەکەن و هۆشیارکردنەوەیان بۆ پاراستنی تەندروستی خۆیان چاوردەوریان .

شوێنی داپۆشین دەبێت مەرجەکانی سەرەوەی بە شێوەیەکی ئەندازەی تێدا جێ بە جێ بکرێت بەم مەرجانەش شوێنی داپۆشین بەسێ قۆناخی سەرەکی دا دەڕوات ئەوانەش :

١- هەڵبژاردنی شوێنەکەو دانی پلان سازی و نەخشەی گونجاوو .

٢- کارپێکردنی شوێنەکە لە ئەنجامی دانانی پلان و نەخشەوە .

٣- داپۆشین و داخستنی زانستی شوێنکە لەئەنجامی کارپێکردنی شوێنەکەوە .

بۆ هەڵبژاردنی شوێنی داپۆشین وەك ئاماژەی پێکرا پێویستمان بە زانیاری ورد هەیە کەدەبێت بەشێوەیەکی زانستی کۆبکرێتەوە لە شێوازی پلانداوردبینی تەواوی بۆ بکرێت کەبەم شێوە خاڵبەندی دەکەین :

١- ئەو شلەمەنیانەی لەئەنجامی کۆبونەوەی سەدان تەن خۆڵ و خاشاك وە دروست دەبن بە هۆی شیبونەوەی توخمە ئۆرگانیەکانەوە هەروەها بە هۆی باران بارینەوە ئەو شلەمەنیانە دەچنە ناو خاکەوە و زیان بەخش دەبێت بۆ ئاوی ژێر زەوی بەتایبەتی ئەم جۆرەشلەمەنیانە ملیۆنەها زیندەوەری زیان بەخش و کانزاو توخمی کیمیاوی لە خۆدەگرن , ئەگەر ئەم شلەمەنیانە تێکەڵی ئاوی سەرزەویش بن ئەوا دەبنە هۆی پیس بونی ئەو ئاوە .

٢-ئەو گازانەی لە ئەنجامی خۆڵ و خاشاکی شوێنی داپۆشین دروست دەبن ئەم گازانە لەئەنجامی شیبونەوەی توخمە ئۆرگانیەکانەوە دەردەچێت لەو گازانە (دووەم ئۆکسیدی و گازی میسان ....هتد ) کە ئەم گازانە دەبنە هۆی زیانی گەورە بۆ ڕووەك و دارو درەخت



٣-بۆنی ناخۆش لە ئەنجامی چەندین جۆر لەگازو بەتایبەتی گازی دووەم ئۆکسیدی کبریت هەروەها ئەو بۆنانەی لە ئەنجامی چەندها جۆر بەکتریا کە بە هۆی شیکردنەوەی توخمە ئۆرگانیەکانەوەدێت جگەر لە بونی چەندها توخمی کیماوی کە دەبنە هۆی دروست بونی بۆنی ناخۆش

٤- تۆز

تۆز لە ئەنجامی بوونی ئەو ئامێرانەوە پەیدا دەبێت کە لە شوێنی فڕێداندا کاری ڕۆژانە دەکەن هەروەها لە ئەجامی هەڵکردنی باو گەردەلولی ناو خۆی وە دروست دەبێت هەروەها ئەم تۆزە زیانی زۆری هەیە بۆ ئەو کارمەندانەی لە شوێنی داپۆشین کاردەکەنەچونکە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو گەروە وە دەبێتە هۆی نەخۆشی

٥- ئاگرکەوتنەوەە

کە زۆر جار بە هۆی باوەو وسوتانی ناوخۆ یان دەستی مرۆڤ خۆیەوە دروست دەبێت خۆڵ و خاشاك لە شوێنی داپۆشین زۆر خێرا ئاگر دەگرێت بەهۆی بونی هەزاران تەن خۆڵ و خاشاك کوژانەوەی زۆر زەحمەتە بەتایبەتی ئەم خۆڵ و خاشاکە لە ئەنجامی مانەوە و کرداری ڕزینەوە گازری (میسان ) دروست دەکات کە ئەم گازە زۆر بە ئاسانی دەسوتێت دیارە سوتاندنی شوێنی داپۆشین زیانێکی گەوری هەیە بۆ ژینگەو هۆکاری یەکەمی بلاو بەنەوەی دوکوڵ کە گازی ژەهراوی و میکرۆبە زیان بەخشەکان لە ڕێکایانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ چواردەوریان

٦- مێش و مەگەز و جۆرەکانی (گازگر ) (قوارض)

لە شوێنی داپۆشیندا لە هەموو شوێنێك زیاتر مێش و مەگەزو جۆرەکانی گازگرەکانی وەك (مشك) کۆدەبێتەوە چونکە ئەم شوێنە سەرچاوەی بێشوماری خوراکی ئەم زیندەوەرانەی تێیدا کۆبۆتەوە ناوەندێکی چالاکە بۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەشە کردنیان ئەم مێش و مەگەزانە ئاشکرایە کە هەڵگری چەندین جۆری (میکرۆبن ) کە دەیگوێزنەوە بۆ مرۆڤ و کیاندارانی تر .

## ٧- ئاژەڵ

لەشوێنی دا پۆشین چەند جۆرێکی تری ئاژەڵەی لێە بەهۆی بونی خۆراکەوە وەك (سەگ ) و چەند جۆرێکی تری ئاژەڵ کەدیسان ئەم جۆرانە دەبنە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی بۆ مرۆڤ .



وێنەی ژمارە (١٥) بەشێك لە شوێنی دا پۆشینی تەندروست (تەمر صحی ) کە دوکەڵ و پیسیکەی بە هۆی باوە دێتەوە بۆ شاری سلێمانی

## ڕێنمایەکانی دیارکردنی (هەڵبژاردنی ) شوێنی دا پۆشین :

ا – مەرجەکانی دیاری کردن

١- هەڵبژاردنی شوێنەکە گونجاو بێت لەگەڵ زەوی چاواردەوریدا بۆ بەکارهێنانی لە ئێستا و داهاتوودا

٢- گەیشتن بە شوێنی دا پۆشین لە هەر چواروەرزەی ساڵدا ئاسان بێت بێ کێشە بێت

٣- دەبێت گلی پاکی لێوە نزیك بێت بۆ دا پۆشین



٤- دوربێت لە هەموو سەرچاوەیەکی ئاوی خواردنەوە ئاوی ژێر زەوی سەر زەوی

٥- دوربێت لە گارگەی دروست کردنی خواردن و خواردنەوە و سەرچاوەی دروست کردنی خواردن

٦- دوربێت لە شوێنی نیشتە جێی هاوڵاتیان

٧- پێویستە ڕوبەری زەویەکە ئەوەند بێت کە بەشی پێویستی تەواوی شار بکات و بتوانرێت بڕی ئەوە خۆڵ و خاشاکە دا پۆشێت

٨- لە ڕووی ئابوریەوە گونجاو بێت بەواتای کەمترین بڕی سەرمایە تێچێت

٩- بە پێچەوانەی ئاراستەی باوە بێت تاکو ئەکەر با هەبوو دەوکەڵ نەیەتەوە ناو شار

## ب- کردارەکانی هەڵبژاردنی شوێنی دا پۆشین :

## یەکەم -هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو

کەدەبێت زانیاری ورد لەسەر نەخشەی ناوچەکە هەبێت بە پێی ئەم سستەمە کاربکرێت :

١-دەبێت شوێنی دا پۆشین دوور بێت لە نەخشەی فراوان بونی شار لەڕوی نیشتە جێ و شوێنی پیشەسازی و شوێنی بازرگانیەوە

٢- دەبێت شوێنی دا پۆشین دوربێت لە سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی بەتاییەتی ئەو شوێنانەی کە لە نزیکەی (١٠) م دەکەنە ئاو

٣- دوربێت لەو دۆڵانەی کە لەوەرزی بارانبارینەدا ئاویان پێدا دەڕوات بە ڕێژەیەکی زۆر

٤- دوربێت لە شوێنی مێژووی و ناوچەی پارێزراوی سروشتی

دووم – باشترین دیاری کردن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١- ئەو شوێنەی دیاری دەکرێت دەبێت ڕێژەی پێویستی خۆڵی پاك هەبێت بۆ دا پۆشین

٢- دەبێت ئەو گڵەی لە جۆری (جیری) یان لەو جۆرانە بێت کە بۆشیای نیوانیان کەمبێت کە نەهێڵێت گازو توخمە ژەهراویەکان لە نێوان کەلێنەکانەوە دەرچێت

٣- دەبێت شوێنی دا پۆشین سنوری دیاری کراوی هەبێت و شورا بەچواردەوری دا کرابێت دەرگای تایبەتی چونە ناوەو و هاتنە دەرەوەی هەبێت.

٤- دەبێت وردەکاری کاریگەری بای بۆ ئە نجام درابێت

٥- دەبێت ڕوبەری یاسای کە بە پێی یاساکانی پاراستنی ژینگە هێندە ببێت کە لانی کەم تاکو (٢٠) ساڵ کاربکات لەیەك شوێندا

## سێهەم / پلان و نەخشە سازی شوێنی دا پۆشین

### کە بنەماکانی بریتی یە لە :

١- کۆکردنەوەی زانیاری

لە گرنگ ترین بنەماکانی کۆکردنەوە زانیاریە بۆ دانانی پلانی نەخشەسازی کە ئەمەش دەبێت (جۆری خۆڵ وخاشاکی شاروکە دەگاتە شوێنی دا پۆشین و پشکنینی جۆلۆجی و و دیاری کردنی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و ڕێژەی باران بارین و دیاری کردنی ئاراستەی با و جۆری خاك و شوێنی ڕێگای دا پۆشین کە ئەمانە زانیاری وردن بۆ دیاری کردنی شوێنی دا پۆشین )

٢- پلان سازی شوێنی دا پۆشین :

لە دوای کۆکردنەوەی زانیاری پێویست دەبێت کە پلانێك دارێژرێت کە لە گرنگ ترین شێوازەکانی ئەمانەن :



١- شێوازی چاڵ کردن

کەلەم شێوازەدا بە هۆی ئامێری تایبەتیەوە لە شوێنی دا پۆشین چاڵ دەکرێت بە پێی ڕوبەرو چڕی ئەو خۆڵ و خاشاکەی دێت بۆ شوێنی دا پۆشین لە پاشان بە گڵ دادەپۆشرێت

ب- شێوازی سەرزەمین (سطحی)

ئەم شێوازە خۆڵ و خاشاك ڕۆدەکرێت لە پاشان بە گڵ دادەپۆشرێت بە مەرجێك لە (٥) چین کەمتر نەبێت هەر چینێك لە نێوان (٢٠ بۆ ٤٠) سم ئەستوربێت و کاری کوتانەوەی بۆ بکرێت .

٣- نەخشە سازی (دیزاین) کردنی خانەی دا پۆشین :

خانەی دا پۆشین بریتی یە لەو چاڵەی کە خۆڵ و خاشاکەتێیدا ڕۆدەکرێت وەکاری کۆتانەوەی بۆ دەکرێت بە پێیی پێویستی لەناو خاکدا بەم شێوەیە (چاڵێکی بۆ درست دەکرێت کە دوریەکانی بەم شێوەیە (٧٥م) درێژی و(٢٥م) پانی و (٣ م یان زیاتر) قوڵی) کە خۆڵ و خاشاکی تێدەکرێت پاش پڕبونی بە چەند چینێك لە گڵ دادەپۆشرێت (دەبێت بۆ دروستکردنی خانە بڕی خۆڵ و خاشاك ڕەچاو بکرێت)

٤-/ هەنگاوەکانی درستکردنی شوێنی دا پۆشین :

١- ئەگەر بڕی خۆڵ و خاشاك لە (١٠٠٠تەن) زیاتر بوولە یەك ڕۆژدا دەبێت شوێنی دا پۆشین بکرێت بە چوار بەشەوە لە پاشان هەربەشێك بکرێت بە چەند خانەیەکەوە کە درێژی و پانی (٧٥*٢٥ م) کەمتر نەبێت کە ئەمەش دوای پڕبونی دادەپۆشرێت .

٢- دانانی شورای پێویست بۆ هەموو شوێنی دا پۆشین تاکو پارێزراو بێت

٣- دروستکردنی شەقامی ناو شوێنی دا پۆشین کە ئاسان کاری بکات بۆ هاتوچۆی ئامێرەکات



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٤- جیاکردنەوەی چەند خانەیەك بۆ گیاندارانی مردوو هەروەها ئاسن شکاو بە مەبەستی جیاکردنەوەیان لە جۆرەکانی تری خۆڵ و خاشاك

٥- دروستکردنی چەند ژورێکی تایبەت بۆ کارمەندانی لە شوێنی دا پۆشین کاردەکەن بۆ حەواندنەوەو خۆشتن

٦- دانانی تەرازوی تایبەت بۆ کێشانی ئەو برە خۆڵەی کە رۆژانە دێت بۆ شوێنی دا پۆشین وە دروست کردنی ژوری تایبەت بۆ تۆمارکردنی زانیاری تابەت بە خۆڵ و خاشاك

٧- دروستکردنی شوێنی تایبەت بە شۆردنی ئامێری گواستەوەی خۆڵ

٨- دابینکردنی کارمەندی شارەزا کە زانیاری تەواوی هەبێت لە شێوازی دا پۆشین

## ٥- بەکار هێنانی کۆتای شوێنی دا پۆشین

دوای تەواو بونی کاری دا پۆشین دواکردار دێت کە بە کرداری داخستن ناسراوە کە دەبێت دوای ئەم کردارە بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەم شوێنە بۆ چی بەکاربهێنرێت لەبەر ئەوەی ئەم شوێنە بۆ (شوێنی نیشتە جێ و بازرگانی و پیشەسازی ) بەکارنایەت هەندێك ولآت دەیکەن بە شوێنی پارك و باخ ...هتد

چوارهەم / ئامادەکردنی هێڵکاری شوێنی دا پۆشین

کە یەکێکە لە گرنگترین بنەما زانستیەکانی شوێنی دا پۆشین کە تێدا دەبێت بەرزو نزمی خاك چۆنیەتی دا پۆشین وچەند زانیاریکی گرنگی تێدا دیاری بکرێت



١- رێگا

لەو هێڵکاریەدا ئەو رێگایانە دیاری دەکرێت کە دەگاتە شوێنی دا پۆشین کەدەبێت بە شێوەیەك بێت بەرگری سەرماو گەرما بکات رێگای چونە ناوەو هاتنە دەرەوە تێدا دیاری کرابێت و پانی شەقام و درێژی بە پێی ژمارەی ئامێرەکان بۆ دەستنیشان کرابێت نابێت پانی لە (٢٠م ) کەمتربێت

٢- شوراکردن

کەدەبێت لە هێڵکاریەکەدا دیاری کرابێت جۆری شوراکەکە بەرزیەکەی لە (٢,٦م ) کەمتر نەبێت شوێنی دەرگاکانی بە شێوەیەکی روون لەسەر هێڵکاریەکە هەبێت

٣- بەرزونزمی و رۆشتنی ئاوی باراناو کە دەبێت لە هێڵکاریەکەدا وردەکاری تەواوی بۆ کرابێت بۆ ئاوی باراناو کە بۆ دەرەوەی شوێنی دا پۆشین ئاراستە کرابێت ئەگەر پێویستی کرد دانانی چەند بۆریەك بۆ باشتر دەرچونی ئاو هەروەها دەبێت شوێنی دا پۆشین لاریەکی هەبێت کە زیاتر بێت لە ٢٪

پێنجهەم / رێنمایەکانی شێوازی کارکردن :

١- پێداویستیەکانی شوێنی دا پۆشین :

١- کرێکاری شارەزا

دەبێت ژمارەی پێویست هەبێت بە پێی ئەم نەخشەی دیاری کراوە و هەروەها دەبێت شارەزایان هەبێت لە شێوازی دا پۆشین و جل و بەرگی تایبەتیان هەبێت و مەشق پێکراو بن لە چۆنیەتی خۆپاراستنی تەندروستی خۆیان

٢- ئامێرەکان

کە زۆر گرنگە بونی ئامێری پێویست بۆ کرداری دا پۆشین دەبێت ئەم ئامێرانە توانای باشیان هەبێت و بەرگەی گەرماو سەرما بگرن و دەبێت بە پێیی برِی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆڵ و خاشاك گەورەو بچوكی ئامێر دیاری بكرێت و لە ڕووی ڕوبەری شوێنی دا پۆشینەوە ژمارەی پێویستی ئامێر دیاری بكرێت .

٣-چاكردنی ئامێرەكان

دەبێت بەشێكی تایبەت هەبێت بۆ چاكردنی ئەو ئامێرانەی لە شوێنی داپۆشین كاردەكەن بۆ ئەو كاتەی كە ئامێرێك پەكی دەكەوێت یان كاری چاكردنی بۆ دەكات یان كاری پاكردنەوەی ئامێر و شۆردنی یان گۆڕینی پارچەی كە دەبێت شوێنكی تایبەتی هەبێت .

٤ - كات ژمێری كاركردن

كە دەبێت كاتەكانی گونجاو بێت لەگەڵ كاتەكانی هاتنی ئامێری گواستنەوە ی خۆڵ و خاشاك هەروەها دەبێت لەكاتی شەودا كراوەبێت وروناكی بۆ دابینكرابێت لەگەڵ چاودێردا .

## شەشەم/ دامەزراندنی خانەی دا پۆشین:

### بۆ شێوازی كاركردن پێویستە ئەم خالآنە جێ بە جێ بكرێ

١-كۆنترۆڵ كردنی چۆنیەتی بەتاڵ كردنی ئامێری خۆڵ و خاشاك هەڵگركە ئەمەش دەبێت بەچاودێری كادرێكی شارەزا .

٢-ئاسانكاری بۆ جوڵەی ئامێرە تایبەتەكان كەدەبێت كادرێكی شارەزا چۆنیەتی هەنگاوەكانی پاڵنانی خۆڵ و خاشاك بۆ ناو خانەكە چاودێری بكات .

٣-پەیوەست بون بە چوار چێوەی خانەكانەوە كە دەبێت درێژی و پانی (٧٥*٢٥ م) كەمتر نەبێت .



٤-شێوازی كاركردن لە ناوچەی داپۆشین كە دەبێت كادری شارەزا چاودێری شێوازی پێویست بكات بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو ئامێرانەی كەلەوێ كاردەكەن .

٥-خۆڵ و خاشاكی تایبەت

هەموو شارێك خۆڵ و خاشاكی تایبەتی هەیە (مەبەست لەم خۆڵ و خاشاكە ئەو جۆرانەن كە لە ڕووی قەبارەوە زۆر گەورەن وە ..ئامێرو تاقمی قەنەفەو سەلاجەو .....هتد ) ئەم جۆرە خۆڵ و خاشاكە دەبێت كاری تایبەتی بۆ بكرێت كەدەبێت خانەیەكی تایبەتی بۆ جابكرێتەوە ئەم جۆرە خۆڵ و خاشاكە بە جیا كاری داپۆشینی بۆ بكرێت (لە هەندێ وڵات ئەم جۆرە خۆڵ و خاشاكە بە ئامێری تایبەتی (كبس) دەكرێت بۆ كەم كردنەوەی قەبارەكەی پاشان لە خانەی تایبەت دادەپۆشرێت .

٦-لاشەی گیاندارانی مردوو

ئەم جۆرەش دەبێت لە چاڵی تایبەتی دا داپۆشرێت لە پاشان توخمی (كلۆری جیری ) دەكرێت بەسەری دا پاشان بەگڵ بە ئەستوری (٤٠ بۆ ٨٠ سم) دادەپۆشرێت كاری كوتانەوەی بۆ دەكرێت پاشان بۆ جیاكردنەوەی لە خانەكانی تر دەبێت لانی كەم (٣٠ سم) لە ئاستی زەویەوە بەرزتر بێت .

٧-تەواو بونی خانەی داپۆشین

پاش ئەوەی خانەكان پڕدەبن لە خۆڵ و خاشاك دەبێت كاری داپۆشینی بۆ بكرێت كە لانی كەم لە نێوان (٤٠ بۆ ٨٠سم) گڵی بەسەردا بكرێت لە ئاستی ڕوی زەویەوە (٢٠ سم ) بەرزبێت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## حەوتەم/ کۆنترۆڵ کردنی خۆڵ و خاشاکی هەڕەمەکی :

واتە کۆنترۆڵکردنی ئەو خۆڵ خاشاکەی کە بەشێوەی هەڕەمەکی لە چواردەوری شوێنی داپۆشین ڕۆدەکرێت ئەمەش بەهۆی گۆێ نەدانی شۆفێرەکان یان خراپ چاودێری ئەو کارمەندانەی لەوێ کاردەکەن

یان لە کاتی شەودا کەکاری چاودێری کردن کەمتر دەبێت شۆفێرەکان بەشێوەی هەڕەمەکی خۆڵ وخاشاك دەرێژن بۆ یە پێویستە دەستەی چاودێری کارامە دابنرێت پاسەوانی تایبەتی تاکو بەشێوەی هەڕەمەکی خۆڵ نەرێژرێت .

## هەشتەم/کۆنترۆڵکردنی تۆز :

لەبەرئەوەی تۆز لە ئە نجامی کارکردنی ئامێرەکان و باوە بەرزدەبێتەوە لە شوێنی داپۆشین لەبەرئەوەی ئەو تۆزە زۆر پیسە زۆرترین ڕێژەی زیندەوەرە وردەکان بەگەردی تۆزەوەن بۆیە پێویستە چارەسەری گونجاوی بکرێت ئەوەش بە داپۆشینی شەقامەکانی ناو شوێنی داپۆشین بە (قیری شل) .

## نۆهەم/ کۆنترۆلکردنی ئاگرکەوتنەوە :

دیاردەی ئاگرکەوتنەوە لە شۆێنی فڕێدانی خۆڵ و خاشاك هۆکارەکەی یان نەزانینی کارمەندەکانە یان یان گوێنەدانی چاودێرەکانە بە ڕێنمایەکانی پاراستنی تەندروستی یان بەهۆی سوتانی ناوخۆ(أحتراق زاتی ) کە بەهۆی کارلێکی کیمیا وە ڕوودەدات کە تیشکی خۆر ڕاستەوخۆ کارلێکی پێدەکات دەبێتە هۆی سوتاندن یان هەر هۆکارێکی تر کە دەبێتە هۆی ئاگر کەوتنەوە لەناو خانەی داپۆشین بۆ یە دەبێت چاودێری وردی ئاگر کەوتنەوە بکرێت وە لە کاتی ئاگر کەوتنەوە دەبێت دەست بەجێ



بکوژێتەوە لەبەر ئەوەی لە ئە نجامی ئاگروە برێکی زۆر گازی (یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن) دروست دەبێت کە گازێکی ژەهراویە دەبێت کوژانەوەی ئەو ئاگرە بە گڵی پاك بێت .

## دەهەم/ کۆنترۆڵ کردنی ئاژەڵ و باڵدارەکان

کە پێویستە شورای شوێنی داپۆشین تۆکمەبێت لەکاتی دیاری کراودا کاری چاکردنی بۆ بکرێت هەروەها داپۆشینی خانەکان لە نێوان (٢٠ بۆ ٣٠) ڕۆژدا بێت ئەگەر کۆنترۆڵی باڵدارەکان نەکرا وەك ( مێش جۆرەکانی ) ئەوا دەبێت بەهۆی دەرمانەوە ئەو باڵدارانە لەناو بەرین .

## یانزدەهەم / کۆنترۆڵ کردنی باراناو

پێویستە لاری شوێنی داپۆشین لە نێوان (٢٪ بۆ ٥٪) بێت تاکو بە ئاسانی ئاوی باراناو ڕێرەوی ئاسای وەربگرێت نەبێتە کۆبونەوەی ئاو زیان گەیاندنی خانەکان .

**یازدەهەم / داخستنی شۆێنی داپۆشین (قفل کردن) :**

کە ئەمە دواهەمین کرداری لەدوای بەکارهێنانی سەرجەم خانەکان کە چەند سالێکە بەکارهاتوە ئەمەش دەبێت لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە دا بخرێت نابێت هیچ خانەیەکی تر دروست بکرێت بۆ داپۆشین .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## خۆڵ و خاشاکی ماوە ( ئەو خۆڵ و خاشاکەی نابرێت بۆ شوێنی دا پۆشین )

زۆر جار تێبینی ئەوە دەکرێت کە خۆڵ و خاشاکی ماڵێک یان چەند ماڵێك لە شوێنێکدا فرێدەدەرێت پرسیاری ئەوە دروست دەبێت ئەم خۆڵ چی بەسەردێت بەتایبەتی پاش ماوەیەك زۆر کەم دەبێتەوە هەندێك جار لەبەر چاو نامێنێت بۆ بە پێویستمان زانی بە شێوەیەکی زانستی ئەو دیاردەیە رونبکەینەوە گەرچی بە پێی وەرزەکانی سەرماو گەرما کات و شێوازەکەی دەگۆڕێت بەشێوەیەکی گشتی بەم جۆرەیە :

ئەگەر (١٠کیلۆ ) خۆڵ و خاشاکی ماڵێك لە شوێنیك بەتاڵ وەك (کەلاوەیەك) فرێبدەین و هەموو (٢٤ کاتژمێرێك ) سەردانی بکەین بۆ ماوەی (٢٠ رۆژ) ئەوا

١-تۆخمە ئۆرگانیەکان کە ( ٢٦٪) پێك دەهێنن ئەوا سەر جەمیان بەهۆی بەکتریای شیکاروە شیدەبنەوە دەبنە گازی میسان و تۆخمە سەرەتایەکان کە تێکەڵ بە خاك دەبێت گازەکەش بە هەوادا بلاو دەبێتەوە

٢-شلەمەنیەکان کە رێژەی (١٤ ٪) پێك دەهێنن کاری هەڵمینیان بەسەردێت تێکەڵی هەوادەبن ونامێنێن

٣-تۆخمی سلیلۆزی وەك (کاغەز) کە رێژەی ( ٥ ٪) پێك دەهێنن بەهۆی کاری وشك بونەوە قەبارەیان بچووك دەبێتەوە یان بەهۆی باوە بلاو دەبنەوەو لەماوەیەکی دیاری کراودا رەنگی دەگۆڕێت شیدەبێتەوە بۆتەخمی کاربۆن کە تێکەڵ بە خاك دەبێت وگازی و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە بە هەوادا بلاو دەبێتەوە



٤-تۆخمی خوێکان کە دیسان رێژەی ( ٩ ٪) پێك دێنن بەئاسانی تێکەڵی خاك دەبن بەبێ گرفت پاش گۆڕانکاریەکی کەم

٥- تۆخمە کانزایەکان کەرێژەی ( ١٩ ٪) پێك دێنن کەهەندێکیان کاری ئۆکساندنیان بەسەردا دێت و ڕەنگیان دەگۆڕێت (ژەنگ دەکەن ) و نافەوتێن وەك خۆیان دەمێنن وە .

٦- تۆخمی کاربۆنی رەق وەك (دارو هاوشێوەکانی ) کە رێژەی (١١ ٪) پێك دەهێنن دیسان زۆربە خاوی هەندێك گۆڕنکاریان بەسەردا دێت وەك گۆڕینی رەنگ و نافەوتێن

٧- تۆخمە نایلۆنیەکان کە رێژەی ( ١٦ ٪) پێك دێنن هیچ گۆڕنکاریەکیان بەسەردا نایەت وەك خۆیان دەمێننەوە

بەمەش رێژەی ئەو ئەو تۆخمانەی سروشت دەتوانێـت زاڵبێت بەسەری دا ( ٥٤ ٪) ئەوەشی ناتوانێ زاڵبێت شیبکاتەوە ( ٤٦ ٪) کە پاشتر ئەگەر ماوەی زۆری هەبێت لە نێوان ( ١ بۆ ٤) ساڵ بەهۆی گۆڕانی ئاوهەواوە دادەپۆشرێت لەگەڵ خاکدا .

## ئایا ژینگەی سلێمانی پیسە ؟

وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی زانستی بۆ ئێستا و بەهۆی نەبونی ئامێری پێویست بۆ دیاری کردنی بڕی رێژەی پیس بوون ئاستەمە لە جیاتی ئەوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە تەنها دەتوانین تێبینی و سەرنج بەکورتی بنوسین .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# یەکەم / ئاوی سلێمانی

## ١- سەرچاوەکانی ئاوی سلێمانی

جگەر لە هەندێ کارێز و بیر شاری سلێمانی لە دوو سەرچاوەی گرنگەوە ئاو وەردەگرێت :

ا- ئاوی دووکان( کۆتەڵ ) کە بە هۆی بۆری وچەند ویستگەیەکەوە کە بەکارەبا کاردەکات ماتۆڕی گەورەیان تێدایە دەگاتە شاری سلێمانی ئەو شوێنەی کە ئاوی لێوەردەگیرێت هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدانیە تەنانەت ئاوەڕۆکەشی بیرەو زۆر جار ئەم بیرە سەڕێژدەکات و تێکەڵی ئاوە خواردنەوەکە دەبێت هەوەها چارەسەرکردنی سەرەتای دەکرێت بۆ کاری پاکردنەوە ناتوانینین بەم ئاوە بڵێن ئاوی پاك لەبەر ئەوەی ئەو پشکنینانەی بۆی دەکرێت زۆر کەمن کە لە ( ٢٠ ) جۆر ی پشکنین تێپەڕناکەن کاری پاکژکردنەوە تەنها بە کرداری کلۆرین دەکرێت واتە پاکردنەوە بەهۆی ( کلۆرەوە ) کەئەمەش جۆرێکی سەرتای یە لە پاکژکردنەوە ی ئاو .

## ب- سەرچاوەی ئاوی سەرچنار

ئەم سەرچاوەیە لە ڕوی زانستیەوە ئاوێکی پاکە لەبەر ئەوەی لانی کەم کاری پالاوتەی سروشتی لەژێر زەویەوە بۆ دەکرێڕێت ڕێژەی جۆرەکانزاکانی تێدا جیاوازو سروشتی یە مەترسی پیس بونی تیشکی زیانبەخش و توخمە کیمیاویەکانی نیە , بەلاّم بونی کارگەی چیمەنتۆ لە نزیك ئەم سەرچاوە گرنگ وە بۆ کێشە و مەترسی ( ئەگەر پەڕەیەکی سپی بەدرێژی و پانی ( ١ ) م لەنزیك ئەم ئاوە دانێنین دوای ( ٢٤ ) کاتژمێر دادەپۆشرێت بە تۆزی کارگەی چیمەنتۆ کە زۆربەی پێکهاتەکانی لە جۆری زیان بەخش و ژەهراوین ) پاشماوەی ئەم کارگەیە تێکەڵ دەبێت بە ئاوی خواردنەوە سەرچاوەی سەرچنار ئاوەکە پاکژی



خۆی لە دەست ئەدات ( لە ولاّتی صین لەساڵی ( ٢٠٠٤ ) دا لە چەند ناوچەیەك سەر روبار ڕێژەی نەخۆشی شێر پە نجە بەڕێژەیەکی زۆر زیادی کرد کە گەیشتە ( ١ بۆ ١٠٠ ) کە پێشتر ( ١ بۆ ١٠٠٠٠٠ ) بو دوای تویژینەوەیەکی ورد بۆیان دەرکەوت کە هۆکاری زیاد بونی ئەم نەخۆشیە پیس بونی سەرچاوەکانی ئاوە بەهۆی چەند کارگەیەکەوە کە نزیکی ئەم سەرچاوانە بوون دوای چارەسەرکردنی کارگەکان ئەم ڕێژەیە گەڕایەوە باری سروشتی )

بەلابردنی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار ئاوی ئەم سەرچاوەیە پاکتر دەبێت لە مەترسی پیس بون دەپارێزرێت هەوەها پاکردنەوەی زانستی سالاّنەی بۆ ئەو حەوزانەی ئاوی لێوەردەگیرێت ئاوی خواردنەوە پاکتر دەکاتەوە



وێنەی ژمارە ( ١٦ ) دوکەڵ کێشی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار کەچەند مەترێك لە سەرچاوەی ئاوەکەوە دورە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



وێنەی ژمارە ( ١٧ ) شوێنی وەرگرتنی ئاوی سەرچنار بەهۆی ئامێروە



وێنەی ژمارە ( ١٨ ) سەرچاوەی ئاوی سەرچنار لە پایزی ٢٠٠٦ دا

## دووهەم / هەوای شاری سلێمانی

زیادبوونی ژمارەی ئامێر لە ناو شاری سلێمانیدا زیادبونی کارگەو سوتانی نادروست یەکێکە لە تەنگ و چەڵمەکانی پیس بوون کە بە چەند ساڵانەی ڕابردوو شاری سلێمانیشی گرتەوە گەرچی بەشێوەیەکی زانستی ناتوانین ڕێژەی ( دووم ئۆکسید و یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن ) دیاری بکەین بەهۆی نەبونی ئامێری



تایبەتەوە بەڵام هەستەوەرەکانمان بە ئاسانی دەتوانێت گۆڕانی ڕێژە لە چاو ساڵانی ڕابردوودا هەست پێ بکات .



## ڕێژەی زیادبونی ئامێرەکان لەشاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی ( ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٦ )

پلەی گەرمای ناو شاری سلێمانی ئێستا لەچاو ساڵەکانی هەشتادا چەند پلەیەك زیادی کردوە کەئەو کەئەمە نیشانەی زیاد بوونی ڕێژەی ( دووم ئۆکسیدی کاربۆنە )

ئەگەر بەوردی سەیری شاری سلێمانی بکەین ئەوا دەبینین بە شێکی زۆری دوکەڵی کارگەکانی ناوچەی پیشەسازی و کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارو هەندێك جار ئەگەر رووی با لەبار بێت کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە و کارگەکانی ناوچەی تانجەرۆ زۆربەیان دێنەسەر شاری سلێمانی ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئۆتۆمۆبیلەی لەناو شاردان کە زۆربەیان مەرجەکانی پاراستنی ژینگەیان تێدا نیە بە( ٢٥٠٠٠٠ ) دوسەدوو پەنجا هەزار ئامێر مەزەندەدەکرێن لەوانەش خراپتر دووکەڵی شوێنی داپۆشینی تەندروست ( تەمرصحی ) واتە ئەو شوێنەی خۆڵی لیٚ فرێدەدرێت کە خۆڵەکەی بەردەوام دەسوتێت ئەو هەموو دوکەڵە دێتەوە بۆ شاری سلێمانی ئەمانە بەکۆمەڵ دێنە ناو شارەوە دیسان پێوەرێکی زانستیمان لانیە بۆ زانینی ڕێژەی ئەو دوکەڵانەو زیانەکانی بۆیە ناتوانین بەراورد بکەین لەنێوان ئەو ڕێژەیەو ڕێژەی ڕێگە پێدراوی جیهانی بەڵام دەتوانین چەند پێوەرێکی تر وەربگرین :

بە پێیٚ ڕێژەی فرۆشتن و بەکار هێنانی دەرمان لە ( دەرمانخانەکان و بنکە تەندروستیەکان ) زۆرترین نەخۆشی کە خەڵك توشی دەبێت ئەمانەن :

١- جۆرەکانی هەوکردن

٢- جۆرەکانی حەساسیەت

٣- نەخۆشیەکانی سنك و قوڕگ

٤- شێرپەنجە ( کە بەم دوایانە ڕێژەی ١٢٪ لەشاری سلێمانی تۆمار کرد لە کۆی ئەو کەسانەی نەخۆشی درێژخاینیان هەیە بۆتە هۆی گیان لەدەست دان )

گەرچی ئامارێکی وردو روپێوکردنی نەخۆشی نیە لەشاری سلێمانی بەڵام بە پێی بۆچونی دکتۆرەکان زۆربەی ئەم نەخۆشیانە هۆکارەکانی ئاو هەوایە پیس بوونەی هەوایە ئەمە جگەر لە نەخۆشیەکانی شێر پەنجە کە هۆکارەکانی زۆربەی نەزانراوە لێرە .

یەکێکی تر لە نیشانەکانی پیس بون لە شاری سلێمانی بونی ڕێژەیەکی بەرچاوی ( تۆزە و خۆڵە )

بە پێویستی دەزانم بەوردی باسی تۆزوو خۆڵ بکەم تاکو بەوردی تێگەیشتنمان هەبێت بۆی :



ئەگەر لە ژێر وردبینێکی ئەلکترۆنی زۆر پێشکەوتودا سەیری ( یەك بۆ ١٠٠ ی گرامێك ) لە( تۆز) بکەین وەك پرۆفیسۆری ئەمەریکی ( مایك رۆۆ ) دەری خست ئەوا بەم شێوەیە دەبینین :

١- گەردی خۆڵ ١٠٪

٢- تۆوی وردی ڕووك گەڕوەکان ٢٠٪

٣- خانەی مردو پێستی مرۆڤ و گیانداران ٢٥٪

٤- زیندەوری وردی یەك خانەی دووخانەی٢٥٪

٥- بەکتریاو فایرۆسی جۆراو جۆر ٢٠٪

وەك دیارە یەکێك لەسەرچاوەکانی گواستنەوەی زیندەوەرە وردەکان و بەکتریا و فایرۆس تۆزە بەم پێش تۆز یەکێکە لە پیسکەرەکانی ژینگە و زیانی ڕاستەوخۆ بە مرۆڤ دەگەیە نێت ,شاری سلێمانیش یەکێکە لەو شارانەی کە تۆز و خۆڵێکی زۆری هەیە دەتوانین هۆکارەکانی زۆر بونی ( تۆزی ) شاری سلێمانی لەم چەند خاڵەدا کۆبکەیەنەوە:

## ١- با

ئەگەر سەیری چواردەوری سلێمانی بکەی بۆمان دەردەکەوێت کە کەمترین سەوزای دەبینین هەروەها کەمترین دارو درەخت دەبینین هەروەها بونی نزیکەی شەش مانك لە ساڵێکدا لە وشکای و بیٚ بارانی وشك بونەوەی خاك بەتاییەتی کە پلەی گەرما کە دەگاتە ( ٤٠ بۆ ٤٥ ) کە گەشێکی گونجاو دەبێت بۆ بەرزبونەوەی تۆز لە خاك لەگەڵ هێواش ترین شنەی بادا ئەم تۆزە دەبارێتە ناو شاری سلێمانی وە کە با دەبێت باشترین گوێزەرەوە بۆ تۆز لەبەر ئەوەی ئامێری تاییەتی نیە بۆ زانی بڕی ئەو تۆزەی دێتە ناو شارەوە بەڵام بێگومان لە یەك مانگدا لەچەند تەنێك تێپەڕدەکات , لە شاخەکانی بەشی باکورو و باکوری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زۆرترین ڕێژەی تۆز بە هۆی باوە دێتە ناو شارەوە شاخەکانی گۆیژەو ئەزمەڕ بەهۆی نەبونی دار و درەخت و و ڕوەکی پێویستەوە چەندین تەن خۆڵ دێنێتە ناو شارەوە ئەمە سەرەڕای باران بارین و بەرزو نزمی پلەی گەرما کە هۆکاری سەرکین بۆ دارمانی خاك ( تعریە ) کەبەڕێگای جیاواز دەبارێتە ناو شارەوە

## ٢- بەهۆی تایەی ئامێرەکانەوە

ئامێرە جۆربەجۆرەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە هێنانە ناوەی( تۆز) بەهۆی تاقیکردنەوەیەکی ساکار کە بۆ( ٥*٢٠ ) واتە ( ١٠٠ ) م٢ شەقامی ( ٦٠مەتری نزیك کارگەی جل وبەرگی ئامادەکراو ) بۆ ماوەی ( ١٠ ) ڕۆژ کرا لەماوەی ئەم ( ١٠ ) ڕۆژەدا ( ٢,٨٥ ) دووتەن و هەشت سەدو پنجا کیلۆ خۆڵی لێکۆکرایەوە کە هۆکاری سەرەکی تایەی ئەو ئامێرانەیە کە بەو شەقامەدا تێپەڕدەبن کەدیسان ئەم تۆزەش بەهۆی ڕێگای جۆراو جۆرەوە دێنەوە ناو شار



وێنەی ژمارە ( ٢٠ ) کۆکراوەی تۆزی چەند مەترێك لە شەقامی سەرکی شاری سلێمانی





وێنەی ژمارە ( ٢١ ) تۆزی سەر شەقامەکانی بە شێك لە شاری سلێمانی

## ٣- بەهۆی باران بارین

باران بارین یەکێکە لەگرنگترین هۆکارەکانی پاك و خاوێنی بەتایبەتی پاك و خاوێنی چینەکانی سەرەوەی هەوا باران بارین لە شاری سلێمانی چەند پاکژکەرەوە بێت ئەوەندە ش دەبێتە هۆکاری هێنانە ناوەی خۆڵ بەتاییەتی لەشاری سلێمانی کە چەند باران ببارێت لەشاخە کانی سەرو شارەوە خۆڵ لەگەڵ خۆیدا دێنێت بۆ ناو شار ئەشتوانین ئەمە هەست پێبکەی ئەگەر دوای باران سەیری شەقامەکانمان بکەین دەبینین چەند تۆزی لێکەوتوە کە وشك بۆوە بەهۆی چالاکیە جۆربەجۆرەکانەوە بە هەوادا بلاّ و دەبێتەوە دەبێتە هۆی پیس بون دەتوانین هەست بە زۆری تۆز بکەین لەناو ماڵەکانی خۆماندا لەسەر کەڵ و پەلی ناو ماڵەکانمدا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



وێنەی ژمارە ( ٢٢ ) ئاوی بارانی وەرزی زستان کە قوڕی زۆری پێوە دیارە

## سێهەم / خاکی شاری سلێمانی

گەشە کردنی ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لەسالآنی ڕابردوودا بەتایبەتی دوای سالآنی ( ١٩٩٥ ) وە پێویستیەکی یەکجار زۆری لەسەر شوێنی نیشتە جێکردن دروست کرد ,کەئەمەش بە پلەی یەکەم لەسەر ڕووبەری خاکی سلێمانی دووم لەسەر سروشتی ئەم شارە بوە ئەرك , بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتە جێبوون دەزگا پەیوەندی دارەکان دەستیان کرد بە دا پەشکردنی زەویەکی زۆر کە بە پێی ڕا پۆرتی شارەوانی تەنها لەم حەوتە سالآنەی دویدا



| ژمارە | ساڵ | ژمارەی پارچە زەوی |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٠ | ٣٤٧٨ پارچە زەوی |
| ٢ | ٢٠٠١ | ٩٩٠ پارچە زەوی |
| ٣ | ٢٠٠٢ | ١٩١٣ پارچە زەوی |
| ٤ | ٢٠٠٣ | ٥٥٣٩ پارچە زەوی |
| ٥ | ٢٠٠٤ | ١٣٤٢ پارچە زەوی |
| ٦ | ٢٠٠٥ | ٣٣٢٣ پارچە زەوی |
| ٧ | ٢٠٠٦ | ٩٢٨ پارچە زەوی |
| کۆی گشتی | | ١٦٥١٣ پارچە زەوی |

دابەشکراوە کە ڕوبەرەکەی بە ( ٢٤٧٦٩٥٠ ) م٢ مەزەندە دەکرێت ئەمە جگەر لەشەقام و شوێنی خزمەت گوزاری لە ڕوبەرەکەی بە دوو ئەوەندە مەزەندە دەکرێت کەئەم دابەش کردنش لە نێوان ( ١٥٠ بۆ ٢٨٠ )م٢ بۆ هەر دووکەس یان زیاتر بوو بەمەش چەندین گەڕەکی تازە دروست بوون کە گەیاندنی خزمەت گوزاری بۆ ئەم گەڕەکانە زۆر گران و سەرمایەیەکی زۆر دەوێت کە ڕەنگە دەوڵەت بەچەند ساڵێکی تر بتوانێ بۆیان دابین بکات دەتوانین نیشاکانی پیسبونی خاکی شاری سلێمانی بەم شێوەیە دیاری بکەین :

١- زۆربونی خۆڵ و خاشاك

زیاد بونی دانیشتوان و کەمبونەوەی بەشی خزمەت گوزاری لە ڕوی ژمارەو جۆری ئامێرەوە شاری سلێمانی و گوێ نەدانی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەکاری پاك و خاوێنی بەتایبەتی فرێدانی خۆڵ و خاشاك لە شوێنە بەتاڵەکاندا و لەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زەویانەی کەنەکراون بە خانوو یان نەکراوەن بەباخ و یەکەی دەوڵەتی کەوەك ئاماژەمان بۆ کرد ئەم پاشماوەی خۆڵ و خاشاکە چەند زیان دەگەیەنن بە زەوی .

٢- زۆربونی پاشماوەی خانوو بەرە

دروستکردن و نۆژنکردنەوەی خانوو بەرە لە شاری سلێمانی بەپێی ئاماری شارەوانی و بانکی خانووبەرە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا نزیکەی ( ٢٥٠٠٠ ) مۆڵەتی خانوو تازە بێ مۆڵەتی نۆێکردنەوە کە بەشێوەیەکی بەر چاو زیادی کرد کە دیسان بووە گرفتێك بۆ شارەوانی لەبەر ئەوەی خانوو دروست کردن پاشماوەیەکی زۆری هەیە ڕۆکردنی ئەم پاشماوانە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەبێتە هۆی پیس بونی خاك چونکە ئەم پاشماوانە ڕەقن و زەوی ناتوانێ شیانبکاتەوە دەبنە کۆسپ بۆ گەشەکردنی ڕوەك و کەیاندنی نایترۆجین بۆ خاك کە پێویست یەکی زۆر گرنگە بۆ گەشە کردنی رووك .

بۆ وەرگرتنی ئامارێکی دروست بڕی ئەو زیادەی خانو بەرە لە یەك مانگدا دروست دەبێت بریتی یە لە ( ٩٠٠٠ ) تەن کەوەر گیراوە لە بەشی خزمەت گوزاری شارەوانی سلێمانی دوای وردکاری بریتی یە لە ( ٨٠٠٠ ) تەن کە ئەم بڕەش لە سەر شارەوانی بۆ هەر یەك تەنێك ( ٥٠ هەزار ) دینار دەکەوێت ئەمەش زیانێکی زۆر گەورەیە لەسەر شارەوانی دەکەوێت , بە ماوەی ساڵێك ( ٤٨٠٠٠٠٠٠٠ ) دینار دەکەوێت کە دەتوانرێت ( ١٥ ) خانو بۆ هاوڵاتیان دروست بکرێت .

## چوارەهەم / ژێر زەوی سلێمانی

ئەگەر بتوانین بەوردی سەیری ژێرزەوی سلێمانی بکەین بە تایبەتی لە دوای ( ٢ بۆ ١٥ ) مەتر دەبینینن کە جۆرێکی تر لە پیس بون هەیە ئەویش بە هۆی ئەو تۆڕە جەنجاڵەیە کە (بۆری ئاوەڕۆ و ئاو ) پێکی هێناوە ئەگەر زیاتر وردبینەوە دەبینین کە بونی تۆڕی ئاو ئاوەڕۆ پێویستیەکی سەرەکیە بۆ هەموو شارێك دیارە



سلێمانیش یەکێکە لەشارە گەورەکان کە پێویستی بە تۆڕێك کونجاو هەیە لە ئاو ئاوەڕۆ ئەو تۆڕە ئاوە و ئاوەڕۆیەی کە بە درێژای ساڵانی دروست بونی شاری سلێمانی تاکە ساڵی ٢٠٠٦ ش سەرجەمی دژی ژینگەیە ئەو بۆریانەی کە ئاوی خواردنەوەی پێداتێپەڕ دەبێت لەو جۆرانەن کە زوو ژەنگ دەکەن وەك جۆرەکانی ( دیکتایەڵ .گەڵبەنایز . ئاهین چەند جۆرێکی تر )

هەروەها تۆڕی ئاوەڕۆ زۆربەیان بە درێژی و پانی بۆریەکان خۆیان کۆنکرێت کراون کە کۆنکرێت کردن لە ژێر زەویدا گەورەترین زیان بەخاك دەگەیەنێت ناهێڵێت کاری هەڵمژینی هەوا ئەنجام بدرێت سەڕای کاری گەیاندنی ئاو بە چینەکانی ژێرەوە زۆر کەمتر دەکات وە بەمەش کردارە سروشتی و جۆلۆجیەکانی لەژێر خاکی سلێمانی بەتاواوەتی گۆڕی وە بونی ئەو هەموو کۆنکرێتە کە ناتوانرێت مەزەندە بکرێت گەورەترین زیان کەلە خاکی شاری سلێمانی کەوتوە ئەو بۆریانە کە ئەو تۆڕە جەنجالەیان پێك هێناوە ناتوانرێت بەئاسانی چارەسەریان بۆ بکرێت دەبێت لەمەو بەدوا لایەنە پەیوەندی ئەو بۆریانە بەکاربهێنن کە دۆستی ژینگەن لەپاشان بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراوی درێژخایەن بۆریەکۆنەکان بگۆڕن , یەکێك لە زیاد بونی پلەی گەرمای هۆکارەکەی ئەو پیس بونەیە کە لە ژێرخاکی سلێمانیدا هەیە .

## ئەرکی دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ پاراستنی ژینگە

لەهیچ وڵاتێکدا نیە ئێستا کە تەنها یەك دەزگا پەیوەست بێت بە پاراستنی ژینگە شاری سلێمانی بە هۆی گەشەکردنی ناسروشتیەوە لەهەموو کات زیاتر پێویستی بە دامەزراوە تایبەت چەند دەزگایەك هەیە بۆ پاراستنی ژینگەی شاری سلێمانی لێرەدا چەند هەنگاوێکی کورت و سەرەکی ڕوون دەکەینەوە تاکو ببێتە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرەتایەك بۆ دروستکردنی دامەزراوەی تۆکمە بۆ داهاتوو تاکو هەمووماد بەشداربین لە پاراستنی ژینگەی شاری سلێمانی

*** ئەرکی شارەوانی سلێمانی :**

ئەم دەزگایە زۆرترین ئەرکی لەسەر شانە لەکاتی ئێستادا چونکە (کۆکردنەوەو گواستنەوەو چارەسەرکردن) و دابنکردنی ئامێرو ژینگە پارێز وشوێنی گونجاو بۆ شوێنی دا پۆشینی خۆڵ و خاشاك سەرجەمی لەسەر ئەم دەزگایەیە بەلاَم لە ڕێگای بەشە جیاوەزەکانی شارەوانی سلێمانیەوە دەتوانرێت ئەم هەنگاوە وەك سەرەتایەك بۆ باشترکردنی کارو چالاکیەکان بنرێت :

١- وەستاندنی دابەشکردنی زەوی لەجیاتی ئەو کارە هەنگاو بنرێت بۆ دروستکردنی بالاخانەی چەند نهۆمی کە ڕەچاوی پاراستنی ژینگە بکات .

٢- چارەسەری زانستی وەك ئاماژەمان پێدا بۆ شوێنی فرێدانی خۆڵ و خاشاك

٣- شەقام و شۆستەو ئاو ئاوەرۆکان بە ئەندازەی نوێ دامەزرێت کە گونجاو بێت لەگەڵ یاساکانی پاراستنی ژینگە

٤- گۆڕانکاری بکرێت لە نەخشەی خانو بەرەی شاری سلێمانی کە لانی کەم بۆ هەر (٢٠٠م٢) (٣٠م٢) دیاری کرابێت بۆ چاندنی سەوزای بەشی مۆڵەت و لایەنەکانی تری شارەوانی چاودێری وردی ئەم کارەبکەن

٥- دروستکردنی باخچەی زیاتر بەتایبەتی بۆ گەڕەکەداخراوەکانی شاری سلێمانی ئەویش بەکرینەوەی ئەو ملکانەی کەگونجاون بۆ باخچەکان

٦- دامەزراندنی ناوەندیکی چالاکی ڕاگەیاندن بۆ هۆشیارکردنەوە لەڕێگای بەشێکی تایبەت کە پسپۆڕی هەبێت لە بواری پاراستنی ژینگە

٧- لابردنی (ترافیك) ئەمەش بە دروستکردنی پرد و تونێل شوێنی تایبەت بۆ پەرینەوە تاکو کەمترین بری وەزە کاربکرێت کەمترین گازی دووەم ئۆکسیدی بەرهەم بێت



## * بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ و ئاودێری :

ئەم بەڕێوەبەرایەتی ئەتوانێ ڕۆڵی سەرەکی و گرنگ ببینێ لە پاك ڕاگرتنی ژینگە بەتایبەتی هەوای شاری سلێمانی ئەم کارەش بە چاندنی سەدان ئەمام دەبێت لە شاخ و گردەکانی شاری سلێمانی بە پێی بەرنامەو نەخشیەکی دارێژراوی زانستی و گونجاو دابینکردنی بوجەی پێویست چاندنی ئامام جگەر لە بەخشینی سیمایەکی جوان و ئارام کەرەوە بۆ دەرون دەبێتە هۆی سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پاراستنی ژینگە ئەشتوانرێت ئەو جۆرە درختانە بچێنرێت کە چەند تایبەت مەندیەکی جیاوازیان هەیە وەك لەو جۆرانەی هەمیشە سەوزن زوتر گەشەدەکەن هەروەها سودمەنتربێت لە ڕووی ئابۆریەوە بۆ بەکارهێنانی کاری پیشەسازی بشێت

## * بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ:

ئەم بەڕێوەبەرایەتیەش دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە پاك ڕاگرتنی ژینگەی شاری سلێمانی چونکە ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە دەتوانێ (کۆنترۆڵی) ئەو ئامێرانەی بکات کە زیان بە ژینگە دەگەیەنێت لەچەندین شوێنی ناو شاری سلێمانی ئەو جۆرە ئامێرانە دەبینین کەهەرچی مەرجی (توندو تۆڵی) و( پاراستنی کیان) و (پاراستنی ژینگە) یان تیادا نیە ئەمە جگەر لەوەی سەدان ئامێر هەیە کە تەنانەت تۆمارنەکراوە لەم بەڕێوبەرایەتی یە کەدەبێت ئەمە کاری زۆر بە پەلەی بۆ بکرێت هەروەها ڕێگا نەدەن بەو ئامێرانەی کە دوو جۆری دوکەڵ دەردەکەن کە ئێستا تەنها ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە یەك جۆریان قەدەغەیکردوە دەبێت یاساکانی تازەکردنەوە لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی باری گوزەرانی دانیشتوان لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت بەتایبەتی بۆ ئامێرانەی کەتەمەنیان یەك ساڵە بەپێ ی تەمەنی گشتی ئامێرەکە هەروەها پشکنین



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سالآنەی ئەو ئامێرانەی کە مۆڵەتیان پێدەدرێت دەبێت وردتر بێت پشت بە ئامێری پێشکەوتو بکرێت دەتوان ئاسانکاری بۆ ئەو ئامێرانە بکەن کە گشتین لە گواستنەوەی هاولآتیان وەك جۆرەکانی ( پاس ) ئامێرەگەورەکانی بارهەڵگر کەدەتوانن زۆرترین خەڵك و شتو مەك بگوێزنەوە بەکەمترین سوتەمەنی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم بارەیەوە هەیە کەدەکەوێتە ئەستۆی ئەم بەڕێوەبەرایەتی وە

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە:

دەتوانرێت لە ڕێگای ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە هەنگاوی زۆر گەورە بنرێت بۆ پاراستنی ژینگە هۆکەشی ئەو پەیوەندیە توندو تۆلەیە کە بەدرێژای (١٢) ساڵ بە تاکەکانی کۆمەڵ وە هەیەتی لە ڕێگای خوێندەکانی ( سەرەتای و ناوەندی و ئامادەی ) بەهەموو جۆرەکانی وە کە گرنگترین قۆناغی گەشەکردن و تێگەیشتن و دروست بونی کەسایەتی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن چەند خاڵێکی گرنگ و سەرەتای ڕوون دەکەینەوە بۆ سود وەرگرتن ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە دەتوانێت سەدان لێکۆڵینەوەی زانستی لەو بابەتەوە وەربگرێت توێژینەوەی گرنگ بە ڕۆڵی سەرەکی ئەم دەزگا گرنگە بکرێت لە پاراستنی ژینکە ئەمەش هەنگاوەکانە :

١- یەکەم هەنگاو دەتوانرێت چەند پەڕەگرافێك بخرێتە ئەو وانانەوە کە دەخوێنرێت وەك( زمانەکان وچلاکیەکانی وەکو وەرزش و نیگارکێشان و......هتد ) تاکو خۆشەویشتی ژینگە لەدەرونی خۆێندکاراندا دروست بکرێت

٢- مامۆستا دەتوانیٚ ڕۆڵی سەرەکی ببینێت لە فێرکردن ڕۆژانە بۆ ڕاگرتنی پاك و خاوێنی دەتوانیٚ لەڕێگا جیاوازەکانی وانەوتنەوەو ( فێرکردنی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك لەشوێنی تایبەت کەدانراوە بۆ ئەو مەبەستە ) بە سەرجەم قۆناغەجیاجیای پۆلەکانی هەر خوێندنگەیەك بوترێتەوە کە پێویستی لای خویندکار بۆ پاك و خاوێنی دروست بکات .

٣- خوێندگەگان بە هاوکاری بەشەکانی چالاکی پەروەردەی دەتوانن پرۆژەی جیاواز بدەنە خوێندگاکان کەئەرکی پاراستنی ژینگە لە خۆبگرێت بۆنمونە ( پرۆژەی کوکردنەوەی پیلی بەکارهاتوو کە کۆبکرێتەوە لە خویندگەیەك لە پاشان بە شێوەیەکی زانستی فڕێیدرێت ) کە دەتوانرێت چەندین پرۆژەی لەو جۆرە پێشکەش بکرێت کە هەم خوێندکار دەتوانێت سودی لێوەرگرێت هەم هاوکاریەکە بۆ پارێزگاری لە پاك و خاوێنی

٤- ئەتوانرێت لە ڕێگای پێشبڕکیٚ وە لەنێوان خوێندگایەك یان چەند خوێندگایەك بۆ پاراستنی ژینگە یان ڕاگرتنی پاك و خاوێنی

(گەرچی زۆربەی خوێندنگاکانی هەوڵی پاك ڕاگرتنی دەدەن لەزۆر شوێن مامۆستایەك چاودێری پاك و خاوێنی بەلاّم وەك وانەوتنەوهیچ شتێکی ئەوتۆ نەکراوە )

(چەندین ڕێگاو شێوازی زانستی هەن کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە دەتوانێت سودی لێوەربگرن کە ئەمە بەجێدەهێنن بۆ پسپۆڕانی پەروەردەیی )

## چوارهەم / دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری

لەبەر گرنگی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری کردمانە دوا دەرگای ئەم پەرتوك بچوکە تاکو ڕۆڵی گرنگ و بەشێوەکی سەرەکی بناسین :

زۆرینە خەڵك لەشاری سلێمانی خاوەنی یەکێکن لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وەك ( تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و بلاّوکراوە .....چەندین جۆری تر تەنانەت شۆڕشی پەیوەندیەکان بەم دوایانە لەشاری سلێمانی بەشێوەیەکی زۆر خێرا پەرەی سەندو بلاّو بۆوە وەك (مۆبایل و ئەنتەرنێت ) بەمەش گەیاندنی بیر و




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕێنمایی و شیکردنەوە و هۆشیاری و پەیوەندی بەشێوەیەکی ئاسان دەگاتە هەموو کەسێك لەهەر ئاستێکی هۆشیاری دابێت و ئەم گەیاندنە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تاك هەیە ئەمەش گرنگی دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریە کە دەتوانێ کاری داهێنانە بکات بەتایبەتی لە ڕوی پاراستنی ژینگە وە پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە گەورەی لە هۆشیاری خەڵکی شاری سلێمانیدایە بۆ پارێزگاری ژینگە بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر بەچەند خاڵێك بەشێوەیەکی کورت باسبکەین کەتەنها مەبەستمان دەسنیشانکردنی چەند هەنگاوێکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن بە پسپۆڕی خۆیان هەنگاوی باشترو بیرۆکەی گونجاوتر بدۆزنەوە :

١- ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەت بە هۆشیاری گشتی بۆ ڕاگرتنی پاك و خاوێنی هاندانی تاك بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی

٢- دروستکردنی نوسراو کورت لە نێوان پڕۆگرامەکانی کە خەڵك حەزیان لێدەکات تاکو بە شێوەیەکی ئاسان بگاتە هەموو کەسێك

٣- بلاْوکراوەکان چەند پۆستەرێکی بچووك دابەزێننە ناو پەڕەکانیانەوە کە گوزارشت لە ڕاگرتنی پاك و خاوێنی بکات

٤- ڕۆژنامەکان دەتوانن ڕۆڵی گرنگ ببینن بە بلاْوکردنەوەی چەند دێڕێکی سەرنج ڕاکێش بە ڕەگی جیاواز بۆ ئاسان وەرگرتنی لەلایەن خوێنەرەوە کە هانیان بدات بۆ پاراستنی ژینگە

لەکۆتاییدا دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کە پارێزگاری کردن لە ژینگە ئەرکێکی تەندروستی هەر تاکێکی کۆمەڵە و دەبێت بە چاوێکی تایبەت سەیری ئەزمونی ڕاگرتنی پاك و خاوێنی بکات هەوڵ بدات ئەرکی سەرشانی وەك هاونیشتمانیەك و مرۆڤێك جێ بە جێ بکات .



## سەرچاوەکان


١- سەرچاوەگشتی
- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی
- بەشی خزمەت گوزاری شارەوانی سلێمانی
- بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی

٢- سەرچاوەکانی پەرتوکی ناوخۆ
- پلانڕێژی شارەکان و ڕەهەندە ژینگەیی و مرۆییەکانی ( ماسیا د .لاور وەرگێڕانی د.جەزا تۆفیق و ئەحمەد علی )
- ئەتڵەسی پارێزگای سلێمانی ( ئامادەکردنی ئاوێستا خالید و هەوار تاهیر )
- سەرچاوەکانی ئاو ( کامەران صالح )
- نامەی چوارساڵەی کارو چالاکیەکانی شارەوانی ( ڕێبوار فرج )
- ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە ( ٢٩٧ )
- ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ( ٣٢٠ )
- ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ( ١٢٤ )

٣- سەرچاوەی پەرتوکی عەرەبی
- افاق العلمية .. م . امجد قاسم
- اساسيات علم البيئة .. د.عبدالقادر عابد و غازى سفارينى
- تلوث البيئة اسبابە و مكافحتە . د فواد حسن




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- ادارةالمخلفات صلبة . د. صلاح محمود الحجار
- التوازن البيئى وتحديث الصناعة . د. صلاح محمود الحجار
- التربية البيئية .. تاليف صبرى دمرداش
- تعريف علمى والقانونى لتلوث البيئة . .د. طاهر ابراهيم
- جرائم تلوث البيئة فى قانون ليبي . د. فرج صالح
- مستقبلنا المشترك ـ اعداد ـ اللجنة العالمية للبيئة والتنمية ـ محمد كاميل عارف
- التلوث مشكلة العصر ـ تاليف ـ د .احمد مدحت اسلام
- مرجع عن البيئة العالمية ـ المسسة تمكين ـ جامعة بير زيت

سەرچاوەی : پێگەی ئەلکترۆنی

- پێگەی وەزارەتی شارەوانی ولأتی سعوديه
- پێگەی رۆژنامەی ( الشرق الاوسط )
- پێگەی رۆژنامەی ئەهرام
- پێگەی نەتوە یەگرتوەکان




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com